دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥١٨

www. kurdistanukurd.com

یەکشەممە ١٥ی خەرمانان ١٣٨٨ ـ ٦ی سپتامبری ٢٠٠٩ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



قاڕنێ لە بۆتەی شەڕی کوردکوژیدا
٤

سیاسی



بەڵێ بۆ هەموو شێوە مەشرووعەکانی خەبات
٦

کوردستانی



چارەسەرێکی راستەقینە یان فۆرمالیتە؟
٧

کومەڵایەتی



چارەسەری ئەوانەی دەستدرێژییان کراوەتە سەر
١٠

# هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە

## کابینەی هاودڵی و هاوڕێیی لە دژی راپەڕینی خەڵک

قادر وریا

سەرئەنجام پاش حەوتوویەك مشتومڕو قسە لە سەر کردن، مەجلیسی شوورای ئیسلامی، کاندیدا پێشنیارییەکانی ئەحمەدی نەژاد بۆ پۆستی وەزارەت و ئەندامەتیی کابینەی دەیەم، بێجگە لە سێ کەسیان، پەسند کردو کابینەی دەیەم دەنگی متمانەی مەجلیسی وەرگرت. ئەحمەدی نەژاد لە یەکێك لە لێدوانەکانیدا کابینەی پێشنیاریی خۆی بە کابینەی "هاودڵی و هاوڕێیەتی" ناوبردو "هەموانی بۆ هاوکاری، هاوڕێیەتی و هاودڵی بانگهێشتن" کرد تا "دەست بدەنە دەستی یەکتر و ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی ئێران وەدی بێنن".

ئەحمەدی نەژاد لە هەموو کەس باشتر دەزانێ بۆخۆی چلۆن بۆوە بە سەرکۆمار. هەم لە داڕشتنی ئەو کودیتایەدا کە بەیتی رەهبەری و سوپای پاسداران لە دژی دەنگەکانی خەڵك بەڕێوەیان برد، رۆڵی هەبووە، هەم ئاگای لەو ناڕەزایەتییە جەماوەرییە بێوێنەیە هەیە کە لە دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردانەوە، خۆی دەرخست و بناغەکانی رێژیمی ئیسلامیی هێنایە لەرزین. ئەو بە باشی ئاگای لەو راستییەش هەیە کە جگە لەوەی ناڕەزایەتیی خەڵك لەو سەرکۆمارەو رێبەری و هاودەستە کودیتاچییەکانیان، لە هەموو ئاست و سنوورەکانی رابردووی تێپەڕاندوە، کەلێنی نێوان قۆڵەکانی نێو دەسەڵاتدارەتییش، هەرگیز بە قەدەر ئێستا گەورە نەبۆتەوە. ئێستا سەرکۆمارەکانی پێشوو، سەرۆك وەزیری سەردەمی ٨ ساڵەی شەڕ، سەرۆکانی پێشووی مەجلیس و دامەزراوەکانی وەك خیبرەگان و مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەت و بە سەدان ئایەتوڵڵای بە نفووزو سیما دیارو ناسراوەکانی ئەو رێژیمە لە بواری جۆراوجۆردا، ئەم سەرکۆمارە بە مەشرووع نازانن و لە بەرامبەر رێبەری نیزامداو بە دژی سیناریۆو پیلانەکانی، راوەستاون.

ئەحمەدی نەژاد، لە کاتێکدا قسە لە "هاودڵی و هاوڕێیی و هاوکاری و دەست وە دەستی یەکتردانی هەمووان" دەکا کە نەك هەر خەڵك لەگەڵ دەسەڵاتبەدەستانی ئەو رێژیمە هیچ چەشنە هاودڵی و هاوڕێیی و هاوکارییان نیە، لە نێو خودی نیزامیشدا، ململانێ گەیشتۆتە ئاستێك کە هەموو شتەکانی ئەو نیزامە لە گرێژنە دەرچوون. هەر لە رەواڵی دیاریکردنی پێش نوێژەکانی نوێژی هەینیی تاران تا دەگاتە بەڕێوەبردنی شەوانی "قەدر" لە مانگی رەمەزاندا. رێوڕەسمی تەنفیزو تەحلیفی خۆی و غەیبەتی سەران و رووما ناسراوەکانی ئەو رێژیمە لەو رێوڕەسمانەدا، نەبوونی "هاودڵی و هاوڕێیی" نێو ئەم نیزامەیان بە باشی بۆ دنیا دەرخست.

تەرکیبی کابینەی دەیەم، چۆنیەتیی بە دەسەڵات گەیشتنەوەی ئەحمەدی نەژاد و ئەم راپەڕینە میلیۆنییەی خەڵکی ئێران وەڕێیان خستوە، پێمان دەڵێن کابینەی دەیەم، کارێکی گرنگتر لە دوورخستنەوەی مۆتەکەی رووخان و سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆو دەرەوەی نیزامی نیە. ئەم کابینەیە ئەگەرچی هەموو دام و دەزگاو ئیمکاناتێکی سەرکوت و، سەرچاوە ئابووری و ماڵییەکانی ئەو نیزامەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە گرنگە لە ئیختیار دایە، بەڵام ئەوەی مانەوەی ئەو رێژیمە دەستەبەر دەکا، نەك وەڕێخستنی حەمامی خوێن و لەنێوبردنی نەیاران تەنانەت لە نێو خودی نیزامەکەشدا، بەڵکوو متمانەی خەڵك و هاودڵی و هاوڕێیەتییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانە. ئەمەش ئەو شتەیە کە ئەحمەدی نەژادو خامەنەیی و کودیتاچییەکانی دیکە شکی نابەن و، بە دوای کودیتای ئابڕووبەرانەو تاوانە دزێوەکانیان لە دژی راپەڕینی مەدەنیی خەڵکی ئێران، تازە چاویان پێ ناکەوێتەوە.

٢٣ی گەلاوێژی ساڵی رابردوو، پۆلێك تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ناوچەی سەردەشت کەوتنە کەمینی هێزێکی زۆر لە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و بەداخەوە فەرماندەری قارەمان، هەمزە سارتکەیی و ٢ پێشمەرگەی بەوەج: قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوون.

ئەمساڵیش لە کۆتاییەکانی مانگی گەلاوێژدا، ٣ دەستە پێشمەرگە لە سێ رێکخراوی جیاوازی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سێ ناوچەی جۆراوجۆر لەگەڵ پەلامارو کەمینی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوون و لە سێ تێکهەڵچوونی نابەرامبەردا، سەرجەم ١١ پێشمەرگە شەهید بوون. ئەم سێ دەستە پێشمەرگەیە بۆ کاری سیاسی و رێکخراوەیی و خەباتگێڕانە چووبوونەوە ناوچەکانی سەقز، مەریوان و کامیاران. بەڵام بەو هۆیەوە کە ناوی پێشمەرگەو هەڵسووڕانی تێکۆشەرانی کورد لە نێو خەڵك و خاکی خۆیان، وەحشەت دەخاتە دڵی هێزی داگیرکەرو بەکرێگیراوانی، هەموو توانای خۆیان بۆ زەبر وەشاندن لەم رۆڵە فیداکارانەی کوردستان بەکار هێنا. بێخەبەر لەوە کە پێشمەرگەکانی گەل و نیشتمان، شەهید بوونەکەشیان وەك هەڵسووڕان و تێکۆشانیان، پەیامی بەرگری و بەردەوامیی خەبات دژی بندەستی و زۆرداریی لێ دەکەوێتەوە.




ئێستا بە بۆنەی گلانی ١١ شۆڕەسواری خەبات و تێکۆشان، دوژمن سەرخۆش و، دایکی نیشتمان رەشپۆشە. بەلام هەروا کە شەهیدانی پێشتر، بوون بە رەمزێکی خۆشەویست لە نێو نەتەوەکەیان- داو بە شوێنیاندا پۆل پۆل لاوانی کوردستان بۆ درێژەی رێگاکەیان هاتنە ریزی خەبات، خوێنی ئەم شەهیدە تازانەش کە لە قوولایی رۆژهەلاتی کوردستاندا دڕیان بە بێدەنگیو شەوە زەنگی دەسەلاتی جەهەننەمی کۆماری ئیسلامیدا، نەمامی باوەڕو هیوا لە نێو نەوەی نوێ و خەڵکی تینووی ئازادیدا دەروێنێ.

## ناڕەزایەتی دەربڕینی ئارژانتین بەرامبەر بە دیاریکردنی تێرۆریستێک بۆ وەزارەتی بەرگریی ئێران



رۆژی هەینی ١٣ی خەرمانان ، ئالبێرتۆ نیسمەن ، دادستانی ئارژانتین و بەرپرسی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی تەقاندنەوەی ناوەندی کولتووریی جوولەکەکانی ئارژانتین، لە بەیاننامەیەکدا دیاریکردنی پاسدار ئەحمەد وەحیدیی وەك وەزیری بەرگریی نوێی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کرد و ئەم کردەوەیەی بە نیشانەی دژایەتیی حکوومەتی ئێران لەگەڵ پرەنسیپ و رێوشوێنە دیاریکراوە نێودەوڵەتییەکان لەقەڵەم دا.

دادستان نسیمەن ، بەرپرسی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی تەقینەوەی بینای ئەنجومەنی هاریکاریی ئارژانتین و ئیسرائیل لە مانگی ژوئیەی ١٩٩٤ دەڵێ: دیکومێنت و بەڵگەکانی پێوەندیدار بە بەشداری کردنی بەرپرسانی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی و یەك لە وان پاسدار ئەحمەدی وەحیدی، بەپرسی ئەوکاتی هێزی قودسی سپای پاسداران لەو تەقینەوەیەدا، رادەستی ناوەندە یاساییەکانی نێودەوڵەتی کراوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگەیە تا ئێستا وەڵامێکی بە داوای پۆلیسی نێودەوڵەتی نەداوەتەوە.

ناوبراو گوتی حکوومەتی ئێران دەتوانێ زۆر شت بڵێ بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە تەنانەت بەڵگەیەك سەبارەت بەوەی کە ئەم حکوومەتە لە تەقینەوەی ساڵی ١٩٩٤ ی ئارژانتین دا رۆڵی نەبوو، پێشکەش بکا.

بە وتەی ئالبێرتۆنیسمەن، ئامانجی حکوومەتی ئێران لە تەقاندنەوەی ساڵی ٩٤ بۆ بڕیاری دەولەتی ئارژانتین سەبارەت بە هەڵپەسێران و دواتر هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنامەی هاوکاریی ناوکی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. تا ئێستا ٩ ئێرانی و یەك لەوان ئەحمەدی وەحیدی بە تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکان تۆمەتبار کراون.

لە لایەکی دیکەوە دیاری کردنی ئەحمەد وەحیدی وەك وەزیری دیفاعی کۆماری ئیسلامی ناڕەزایەتیی حکوومەتی ئەمریکاشی بەدواوە بووە و ئەمریکا ئەم کردەوەیەی بە دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە قەڵەم داوە.

## دیسان گواستنەوەی کەبوودوەند بە دەست و لاقی بە زنجیرەوە بۆ زیندانی مەهاباد



رۆژی یەکشەممە٨ی خەرمانان محەممەد سەدیقی کەبوودوەند سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ژێر ناوی گوازتنەوە بۆ ناوەندە دادوەرییەکان، لە گرتووخانەی ئێوین را هێناویانەتە دەرەوە و دوای ناردنی بۆ لقی ٥ی لێپرسینەوەی ناوچەی ٢٣ی دادوەریی تاران، بە پێی بڕیاری لێکۆڵەری تایبەتیی، بە دەست و لاقی بە زنجیربەستراوەوە بۆ مەهاباد گوازراوەتەوە.

رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وێڕای راگەیاندنی ئەم هەواڵە ئاماژەی بەوە کردوە کە هۆکاری گواستنەوەی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند ناڕوونەو هێشتا تۆمەتەکەی ئەوجارەی پێ رانەگەیەندراوە.

ئەم رێکخراوە رایگەیاندوە کە گوازتنەوەی کەبودوەند وێڕای ئەزیەت و ئازاردانی ناوبراو بۆ مەهاباد، توورەیی سەرۆکی دادگای شۆڕشی مەهابادی لێ کەوتۆتەوە و ناوبراو گواستنەوەی کەبوودوەندی بە نایاسایی لە قەڵەم داوە و گوتویەتی کە کەبوودوەند بە بێ هیچ هۆکارێك بۆ مەهاباد گوازراوەتەوە و بەرپرسیارێتیی ئەو کارەی خستۆتە سەرشانی لێکۆڵەری لقی ٥ی تاران و بڕیاری داوە بە زوویی ناوبراو بۆ تاران بگەڕێننەوە.

لە درێژەی ئەم راگەیەندراوەی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستاندا هاتوە: لە ئاکامدا دوای ٥ رۆژ راگرتنی کەبوودوەند لە دۆخێکی نالەباردا، ناوبراو بە هەزینەی خۆی بۆ تاران گوازرایەوە.

کەبوودوەند سەبارەت بە هاتوچۆپێکردنی ئەم ماوەیەی خۆی رایگەیاندوە کە لەم چەند رۆژەدا لە لایەن لێکۆڵەری لقی ٥ی تارانەوە سووکایەتی پێ کراوە و هەڕەشەی ئەشکەنجەی لێ کراوە.

شایانی باسە لەم پەیوەندییەدا رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان رایگەیاندوە کە راپۆرتی ئەشکەنجە کران و ئازار و ئەزیەت دانی کەبوودوەند بە زوویی بڵاو دەکاتەوە

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ماتەمینیی شەهیدانی تازەی حیزب لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

پێشنیوەڕۆی ٣ ی خەرمانانی ٨٨ی هەتاوی ڕێوڕەسمی پرسەو سەرخۆشیی شەهیدانی تازەی حیزب، شەهیدان محەممەد نەدیمی و بێهرووز ڕەزانژاد بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە یەکێک لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبدا بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی شەهیدان" و ڕێوڕەسمی ڕێز و سڵاوی نیزامی و پێشکێشکردنی چەپکە گوڵی سوور لە بەرامبەر وێنەی شەهیدان محەممەد نەدیمی و بێهرووز ڕەزانژاد دا دەستی پێ کرد. دواتر رامبود لوتف پووری، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکێشی ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە کرد.




کاک رامبود لە سەرەتای قسەکانی دا دوای خوێندنەوەی کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهیدانی تازەی حیزب و گەل، باسی لە سروشتی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و ئاماژەی بەوەدا کە بە پێچەوانەی زۆر لە شوێنەکانی دنیا کە بە بزووتنەوەی مەدەنی و شۆڕشی نەرم گۆڕان لە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات دا پێک دەهێنن بەڵام گەلی کورد لەم پێناوەدا ناچارە گیان و ژیانی باشترین ڕۆڵەکانی خۆی بەخت بکا.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا پەیامی ئەو ڕووداوە تاڵەی بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و جاش و بەکرێگیراوانی شی کردەوە و گوتی: گەلی کورد با دڵنیا بن کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەروا سوورە لە سەر درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدانی ڕێی ڕزگاری میللەتی کورد و گەیشتن بە ماف و ئامانجەکانی ئەو گەلە و، لەو پێناوەشدا هەر وەک جاران ئامادەیە کە گیانی باشترین ڕۆڵەکانی گەل بەختی ئەو ئامانجانە بکا. هەر بەو پێیەش خەڵکی کوردستان پێویستە ئامێز بۆ پێشمەرگە و ڕۆڵە ئازاکانی گەل بکاتەوەو پشت و پەنا و پارێزەریان بێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش با وا نەزانێ کە بە شەهید کردنی ئەو پۆلە شەهیدانەی چەند ڕۆژ لەوە پێش سەرکەوتنی وەدەست هێناوە، چونکی ڕێگەی پیرۆزی ئەو شەهیدانە هەروا درێژەی هەیە و ڕۆڵەکانی ئەو گەلە لە سەر پێێن و جێی شەهیدانی گیانبەختکردوویان دەگرنەوە و نایەڵن چەکەکانیان بکەوێتە سەر عەرز. هەر لێرەشەوە بەکرێگیراوان و خاینانی میللەتی کورد دڵنیا دەکەینەوە کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە تاوان و کردەوەی چەپەڵی ئەوان خۆش نابن و بە سزای ڕەوای کردوەکانیان دەگەیەنن.



لوتف پووری پاشان ڕوو بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای دەربڕینی هاوخەمی بە تایبەت لە گەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی شەهید بوونی پۆلێک پێشمەرگەی ئەو حیزبانەش لە ڕووداوێکی هاوچەشندا گوتی: وەرن با خوێنی بە ناهەق ڕژاوی شەهیدەکانمان بکەینە هەوێنی یەکگرتن و یەکریزیی خەباتەکەمان. ئێمە دەتوانین و وەرن با پێکەوە و بە هێزی هەمووومان تاڵاوی شکست و تێکشکان بە گەرووی دوژمن دا بکەین.

لە بەشیکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا شاعیری "ملوانکەی شین" مامۆستا شەریف حوسێن پەناهی قەسیدەی "زایەڵە" و پێشمەرگەی لاو خاتوو شلێر وەیسی کورتە شێعرێکی تایبەتی پێشکێشی ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە کرد.

# کۆچی ناوەختی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان



سەر لە بەیانیی ڕۆژی پێنج شەممە ١٢ی خەرمانان کۆڕێکی پرسە و سەرەخۆشی بە بۆنەی کۆچی دوایی سەید جەعفەر نووری ناسراو بە ئاکام، پێشمەرگە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هۆڵی بۆنەو ڕێورەسمەکانی حیزب دا بەڕێوە چوو.

لەو کۆڕەدا کە بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند کەسێک لە بەرپرسانی حکوومەتی و حیزبیی شاری کۆیە و خەڵکی ئەو شارە و بە سەدان کەس لە هاوسەنگەران و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، حەسەن خۆشکەلام بەرپرسی ناوەندی ٢ ی کوردستان باسێکی کورتی لە سەر ژیان و خەباتی سەید جەعفەر نووری پێشکەشی بەشداران کرد. پاشان هاوڕێ ڕەحیمی مەحموودی بەناوی بنەماڵەی سەیید نوورییەوە پەیامێکی خوێندەوە. خوالێخۆشبوو ئێوارەی ١١ی خەرمانان بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە سەر ڕێگەی تەق تەق گیانی لە دەست دا، ساڵی ١٣٥١ لە گوندی ئیسکی بەغدا لە ناوچەی بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێناو ساڵی ١٣٦٢ لە تەمەنی میر منداڵیدا هاتە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە هێزی شەهید پێشەوا سازمان درا. ساڵی ٦٣ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە دیل گیرا و پاش ساڵێک کە لە زیندان ئازاد کراو گەڕایەوە نێو کۆڕی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ڕوحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێك بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی مانگی گەلاوێژ لە بنکەی ناوەندیی کۆمەڵە

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕۆژی ١٢ ی خەرمانان ڕێوڕەسمێکی تایبەتیی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ئەم دواییانەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنکەی ناوەندیی کۆمەڵە لە نزیک شاری سلێمانی پێک هێنا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و چالاکانی سیاسیی کورد تێی دا بەشدار بوون.

هەیئەتێک لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرۆکایەتیی سیامەک وەکیلی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەشداری لەو ڕێوڕەسمە تایبەتییەدا کرد و پەیامێکی بەو بۆنەیەوە پێشکێش کرد.

# پەیامی سەرەخۆشی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

بەڕێزان دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سڵاوێکی گەرم

بە بۆنەی شەهید بوونی ٢ پێشمەرگەی حیزبەکاتان لە خەبات دژی داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی، پرسەو سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەو هەموو ریزەکانی حیزبی ئێوە ئەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین،

هیوادارین هاوڕێیان و هاوسەنگەرانیان درێژەدەری ڕێگای پڕ لە شانازیی ئەوان بن.

**دەفتەری سیاسیی**

**کومەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**١١ی خەرمانانی ١٣٨٨**

# هاوخەمیی خەڵکی کوردستان بەبۆنەی شەهید بوونی پۆلێك پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە گوێرەی زانیارییەکانی هەواڵنێرانمان لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەواڵی شەهید بوونی ٢ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهیدان بێهرووز ڕەزانژاد و محەممەد نەدیمی و پۆلێک پێشمەرگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەڵکی کوردستانی تووشی پەژارە و خەمێکی قورس کردوە. خەڵکی پێشمەرگە پەروەر و ئازادیخوازی کوردستان بە هەر جۆرێک کە بۆیان کرابێ خەم و دڵگرانیی خۆیان بۆ لەدەستدانی ئەو پۆلە پێشمەرگە فیداکارەی کوردستان دەربڕیوە و نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامی و جاش و بەکرێگیراوانی ئاشکرا کردوە.

# ڕێز گرتن لە قوتابیانی سەرکەوتووی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان




کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ١ ی خەرمانان بە بۆنەی کوتایی هاتنی ساڵی خوێندنی ٨٧-٨٨ ڕێورەسمێکی بەڕێوە برد و لەو ڕێورەسمەدا ڕێزی لە قوتابی و خوێندکارە سەرکەوتووکانی نێو کەمپەکانی حیزب گرت.

ئەو ڕێوڕەسمە سەرەتا بە بەخێر هێنانی میوانان و پێشکێشکردنی چەند وتەیەک لە لایەن کاک حەمە ڕەسوول حەسەنپوور، بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب دەستی پێ کرد. پاشان ڕاپۆرتی پەروەردەیی و خوێندنی ساڵی ٨٧-٨٨ لە لایەن مامۆستا جەعفەر ئوستادرەحمانی، بەرپرسی کۆڕی پەروەردەی حیزبەوە خوێندرایەوە.

لە درێژدا مامۆستا نووری عەبدوللە بەرێوبەری قوتابخانەی "هەرمۆتە" لە چەند وتەیەکدا پیرۆزبایی لە قوتابیە سەرکەوتووەکان و بنەماڵەکانیان و حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

# پەیامی سەرەخۆشی پارتی ئازادیی کوردستان

## بە بۆنەی شەهید بوونی دوو تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان

بە ڕێز : دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

سڵاوێکی برایانەی گەرم!

کۆمیتە ناوندیی پارتی ئازادی کوردستان، لەلایەن هەموو خەباتگێرانی ریزەکانی پارتی ئازادیی کوردستانەوە، بە بۆنەی شەهیدبوونی ٢ تێکۆشەری ریزەکانی حیزبەکەتان لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەداگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، سەرەخۆشی لە بەرێزتان‌و هەموو تێکۆشەرانەی دیمۆکرات‌و بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەکا. هیوادارین تێکۆشەرانی حیزبەکەتان، بە درێژەدانی خەبات، ڕێگای هاورێیانی شەهیدیان درێژە پێ بدەن‌و تا وەدەستهێنانی ئامانجی شەهیدانی ئازادیی کوردوکوردستان، لە خەبات نەوەستن.

پارتی ئازادیی کوردستان

کومیتە ناوەندی

٩خەرمانانی ٢٧٠٩

٣١ ئاگۆستی٢٠٠٩

ڕاگەیەندراو:

# شەهید بوونی دوو تێکۆشەری دیموکرات لە ناوچەی مەریوان

بە ئاگاداریی میدیاکان، خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان و سەرجەم ئۆگران و دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەگەیەنین کە بە داخەوە دوو تێکۆشەری دیموکرات لە ناوچەی مەریوان لە تێکهەڵچوون لەگەڵ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیدا گیانیان لەدەست داوە.

شەوی هەینی لەسەر شەممە، ٣٠ی گەلاوێژی ١٣٨٨(٢١ی ئاگۆستی٢٠٠٩)، دوو ڕۆڵەی قارەمانی دیموکرات بە ناوەکانی بێهرووز ڕەزانژاد و محەممەد نەدیمی لە شوێنێك بە ناوی "دووئاو" لە نێوان ئاواییەکانی مازیبن و دەگاگای ناوچەی مەریوان دەکەونە کەمینی یەگانی ویژەی سوپای پاسداران و جاشەکانی پایگەلان و بەتوندی دەدرێنەبەر دەسرێژ. بە هۆی دەسرێژی هێزەکانی ڕێژیمەوە، بەداخەوە هەردووکیان شەهید دەبن و دواتر تەرمەکانیان بۆ پادگانی ئیمام عەلیی شاری سنە رادەگوێزرێ.

هاوڕێیان محەممەد نەدیمی و بێهرووز ڕەزانژاد ماوەیەك بوو بۆ کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە ناوچەکانی کامیاران و مەریوان بوون. هەر لەم ماوەیەدا دووجاری دیکە کەوتبوونە بۆسەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە کە خێرا وەدەست هاتبوون و خۆیان لە کەمین دەرباز کردبوو. سەرئەنجام شەوی ٣٠ گەلاوێژ جارێکی دیکە کەوتنەوە کەمین و ئەمجارەیان بە داخەوە شەهید بوون.

تێکۆشەری دیموکرات بیهرووز ڕەزانژاد، ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لە گوندی پایگەلانی ناوچەی ژاوەڕۆی مەریوان لە دایك ببوو، تا پۆلی ٣ی ناوەندی دەرسی خوێندبوو و پاشان ڕووی کردبووە کارو کاسبی و لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران خەریکی پەیداکردنی بژیو بۆ بنەماڵەکەی دەبوو. هاوڕێ بێهرووز ساڵی ١٣٧٦ لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و، وەك پێشمەرگە لە هێزی پارێزگاری، لە بنکەی رادیۆی دەنگی کوردستان بەوپەڕی دڵسۆزی و ڕێکوپێکییەوە ئەرکی پێشمەرگایەتیی بەڕێوە برد. لە ساڵی ١٣٨٢ەوەش لە ناوەندی ١ی کوردستان بەرپرسایەتیی لە بواری ماڵی و تەداروکاتیی دا گرتە ئەستۆ و بە لێوەشاوەییەوە بەڕێوەی برد.



بیهرووز ڕەزانژاد بۆ بەڕێوەبردنی کار و مەئموورییەتی سیاسی و تەشکیلاتی لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، هەموو کات ئامادە بوو و لەم ساڵانەی دواییدا وێڕای هاوڕێیانی، چالاکانە لە چەند گەشت و مەئموورییەتی سیاسی و تەشکیلاتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەشدار بوو.

هاوڕێ محەممەد نەدیمی، خەڵکی ئاوایی "زیویە"ی کامیاران، ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی لە تاران لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگیدا هاتبووە سەر دنیا. خوێندنی تا قۆناغی دەبیرستان درێژەدا. ساڵی ١٣٧٢ بۆ یەکەم جار پێوەندیی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرت. ساڵی ١٣٧٥ لەکاتی تێکۆشانی حیزبی و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیدا لە لایەن دەزگای سەرکوت و جاسووسیی کۆماری ئیسلامییەوە لە نێو شاری کامیاران، گیرا و دوای موحاکەمە لەلایەن بێدادگای ڕێژیم بە ٣ ساڵ زیندان مەحکووم کرا. ساڵی ١٣٧٩ دوای ئازادبوون لە زیندان جارێکی دیکە پێوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرت و سەرلەنوێ ئەرکی تەشکیلاتی و تێکۆشان لە نێوخۆی وڵاتی پێ ئەسپێردرایەوە. ئەم لاوە خەباتگێڕە لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٥گەڕایەوە ریزی تێکۆشەرانی ئاشکرای حیزب. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا چەندین مەئموورییەتی تەشکیلاتیی لەنێو شاری کرماشان، سنە، تاران، کامیاران و ناوچە جۆراوجۆرەکانی پارێزگای کوردستان، سەرکەوتووانە جێبەجێ کرد.

محەممەد نەدیمی لاوێکی وەرزشکار بوو. وەك ڕاهێنەرێك ژمارەیەکی زۆر لە مێرمنداڵان و لاوانی سەربە حیزبی دیموکراتی کوردستان فێری وەرزشە ڕەزمییەکان کرد. جگە لەمەش لە بواری کاری دەستیدا تابلۆ و بەرهەمی جوانی دەخوڵقاند.

بەشەهیدبوونی هاوڕێیان محەممەد نەدیمی و بیهرووز ڕەزانژاد، حیزبی دیموکراتی کوردستان دوو ڕۆڵەی بەنرخ و خەڵکی کوردستان دوو پێشمەرگەی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست دا.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی شەهید بوونی ئەم دوو تێکۆشەرە بەوەجە، لە قووڵایی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانیان، و هاوسەنگەرانی ئەم عەزیزانە و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکا.

دڵنیاین خوێنی شەهیدان بیهرووز ڕەزانژاد و محەممەد نەدیمی، هاندەرێکی دیکە دەبێ بۆ شێلگیربوونی هاوڕێیان و هاوسەنگەرانیان لە سەر خەبات و تێکۆشان تا وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی بێهرووز و محەممەد و سەرجەم شەهیدانی دیموکرات گیانیان لەپێناویاندا بەخشی.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانیشی دڵنیا دەکەینەوە کە لاوانی کوردستان و حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پیلان و تاوانی ئەوان بۆ لەنێوبردنی تێکۆشەران وقارەمانانی کورد لەبیرناکەن و، خەباتەکەیان بەدژی ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و خوێنرێژە بە یادی ئەم خۆشەویستانەوە، بەگوڕتر دەکەن.

سڵاو لە گیانی پاکی تازەترین شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد، بێهرووز ڕەزانژاد و محەممەد نەدیمی

مردن بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ریسوایی بۆ بەکرێگیراوانی

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**

**١٣٨٨/٦/٢**

**٢٠٠٩/٨/٢٤**

---

## پەیامی سەرەخۆشیوهاودەردیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی شەهیدبوونی ژمارەیەك پێشمەرگە لە سێ ڕووداوی جیادا

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

هێزە سیاسییەخەباتگێرەکان!

بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان !

لە کۆتاییەکانی گەلاوێژی ئەمساڵ دا، بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان جارێکی دیکە شایەدی لە دەستدانی کۆمەڵێك لە خەباتکاران و تێکۆشەرانیان بوون. لە سێ ڕووداوی لێك جیا لە سێ شوێنی جۆراوجۆری کوردستان، سێ دەستە پێشمەرگە کەوتنە گەمارۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیو، لە شەڕی نابەرامبەر لەگەڵ پاسداران و بەکرێگیراوانی ئەو ڕێژیمەدا،بە داخێکی گرانەوە ١١پێشمەرگە شەهیدبوون.

لە ٢٨ی گەلاوێژدا، دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شوێنێك بەناوی"گەلیان" لە نزیك کامیاران کەوتنە بەر هێرشو گەمارۆی هێزەکانی ڕێژیم. لە تێکهەڵچوونی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەو هێزەکانی ڕێژیم دا بە داخەوە پێنج تێکۆشەری ئەو ڕێکخراوە گیانیان لە دەست دا.

شەوی هەینی لەسەر شەممە،٣٠ی گەلاوێژیش دووتێکوشەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە "دوو ئاو"ی ناوچەی مەریوان کەوتنە کەمینی جاشو پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامیو بە هۆی دەسرێژی ئەوان، شەهید بوون.

لە ڕۆژەکانی ٢٩و٣٠ی گەلاوێژیش دا، کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی فەیزوڵلابەگیی سەقز، کەوتنە بەر هێرشوگەمارۆی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمو لە درێژەی بەرەنگاریی پێشمەرگەکان دا، بە داخەوە ڕۆژی٣٠ی گەلاوێژ، چوار پێشمەرگەی ئەو حیزبە لە شوێنێك بە ناوی "یاپشخانو قەرە" شەهیدبوون.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بە بۆنەی شەهید بوونی ئەم ڕۆڵە بە نرخانەی کوردستان، لە خەڵکی کوردستان بە گشتیو بە تایبەتی لە بنەماڵەکانیان، هاوسەنگەرانیانو ڕێکخراوەکانیان، کۆمەڵەی زحمەتکێشانی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی دەکاو هاودەردیی قووڵی خۆی بە هەموولایەك ڕادەگەیەنێ.

گومانی تێدا نیە کە لە دەستدانی زیاتر لە ١٠ مرۆڤی خەباتکارو پێشمەرگە، بۆ بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستانو گەلی کورد خەسارێکی گەورەو ڕووداوێکی دڵتەزینە. ئەو ڕۆڵە خەباتکارو فیداکارانە ئەگەرچی لە سێ ڕێکخراوی سیاسیی جیاواز بوون، بەڵام ئامانجی هەر هەمووی ئەوانو حیزبەکانیان ڕزگاریی گەلی کورد لە بندەستیو، جێگیر کردنی ئازادیو دێمۆکراسی لە وڵاتەکەیان دایە. هەر ئەوەش کە هەموویان بە دەستی دوژمنێکی هاوبەشو تەنیا بە تاوانی تێکۆشانو هەلسووڕان لە نێو نیشتمانو نەتەوەی خۆیان دا گیانیان لێ ئەستێندرا، نیشاندەری ئەم ڕاستیەیە کە ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستانو تێکۆشەرانی ئەوان هەڵگری یەك پەیامی هاوبەشو خاوەنی دوژمنێکی هاوبەشن. هەر ئەم ڕاستییە دەبێ هانمان بدا ریزەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان، یەکگرتوو بکەینو هێزو توانامان بخەینە سەریەكو بە خەباتی هاوبەش لە نێوخۆو دەرەوی وڵات بە گژ کۆماری ئیسلامی دا بچینەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لە کاتێکدا گەلی کورد لە بەردەوامیی ڕێگای ئەو شەهیدانە، کە ڕێگای خەبات تا گەیشتن بە ئازادییە، دڵنیا دەکاتەوە، هیوادارە خوێنی هاوکات ڕژاوو تێکەڵبووی سێ پۆل پێشمەرگە لە سێ حیزبو ڕێکخراوی ئازادیخوازی کوردستان، هاندەری یەکیەتی و هاوخەباتی لە نێو بزووتنەوەی کوردستان بێو،خەباتی خەڵکی کوردستان بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بە گوڕتر بکا.

سڵاو لە گیانی تازەترین شەهیدانی ڕێگای ئازادیو، بەردەوامیو سەرکەوتن بۆ ڕێگا پرشانازییەکەیان

بڕووخێ ڕێژیمی دژی گەلیو خۆێنرێژی کۆماری ئیسلامی

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**١٣٨٨/٦/٤**

**٢٠٠٩/٨/٢٦**

# قارنێ لە بۆتەی شەڕی کوردکوژیدا

قادر وریا

لە سێ چوار ساڵی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران-دا، لەو بەشەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە دابەشکردنی ئیداری و سیاسیی ئێراندا کەوتۆتە پارێزگەی ئازەربایجانی رۆژئاوا، چەندین بە کۆمەڵکوشتنی دانیشتووانی گوندەکانی کوردستان روویان دا.

"قارنێ" لەو یەکەم گوندانەی کوردستان بوو کە شایەدی کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتووانیان بوون. دواتر "قەڵاتان" (لە ناوچەی سندووس)، ئیندرقاش (لە ناوچەی شارویران)، سۆفیان و سەرووکانی (لە ناوچەی لاجان)، کانی مام سەیدە (لە ناوچەی سندووسی خوارێ)، گێچە و پیرانجوق (لە ناوچەی سۆما)، قەرەگۆل و سەوزی و سەرچنار (لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان)، چەقەڵ مستەفا، شێخ مارف و خەلیفەلیان (لە ناوچەی سندووسی خوارێ) و چەندین گوندی دیکە، هەر کامیان بە بۆنەی قەڵاچۆی چەندین کەس لە دانیشتووانیانەوە، ناوبانگیان دەر کردو، ناویان لە کارنامەی پڕ لە تاوان و جینایەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستاندا، جێگەیەکی هەمیشەیی‌یان بۆ تەرخان کرا.

خاڵی هاوبەشی ئەم کوشتارە بەکۆمەڵانە ئەوەیە هەر هەموویان لە پارێزگەی ئازەربایجانی رۆژئاوادا، ئەویش لەو شوێن و ناوچانەدا کە کوردەکان و ئازەرییەکان تێکەڵاوی یەکتر، یا دراوسێی یەکترن، روویان دا. لە هەر هەموانیشیاندا، دانیشتووانی ئاسایی گوندە کوردەکان، هێرشیان کراوەتە سەرو، لە نێو ماڵ و لەسەر مووچەو مەزراو خەڵەو خەرمانی خۆیان کوژراون. لە حاڵێکیشدا کوژراون کە تەنانەت بۆ داکۆکی لە خۆشیان، چەکیان بە کار نەهێناوە. لە هەمووی ئەو بە کۆمەڵکوشتنانەدا ، چەکدارە ئازەری زمانەکانی سەر بە رێژیمی ئیسلامی کە خەڵکی ناوچەکە بوون، بە پشتیوانیی ئەرتەش و سوپاو تۆپ و تانکی ئەو رێژیمەو بە هاندانی گەورەکاربەدەستانی رێژیم لە ناوچەکە، کە زۆربەی ئەوانیش هەر ئازەری زمان بوون، رۆڵی سەرەکییان هەبووە. لەو سەرجەمی ئەو تاوانانەشدا، پەلاماردەران هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان پیرو لاو، ژن و پیاو، گەورەو بچووك، تەنانەت ئاژەڵ و مرۆڤدا نەناوە. هەر کەسیان دیوە، بەو تاوانە کە کورد بووە، کوشتوویانەو، هەر شتێکیان دەست کەوتوە، چونکە ماڵی کورد بووە، لە نێو بردووە، یا تاڵانیان کردوە. تاڵتر لە هەمووی ئەمانەش ئەوەیە، تەنانەت تاقە یەك نموونەش نەبووە بەڕێوەبەران، رێکخەران و جێبەجێکەرانی یەکێك لەم تاوانانە، لە لایەن رێژیمی دەسەڵاتدارەوە، لێکۆڵینەوەیان لێ کرابێ و سزا درابن. نەك هەر سزا نەدراون، بەڵکوو رێزیان لێ نراوەو پلەو پایەیان بەرزتر کراوەتەوە.

"قارنێ" کەوتۆتە چەند کیلۆمیتریی شاری نەغەدەو لەسەر رێگەی نەغەدە - پیرانشار هەڵ کەوتوە. رۆژی ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨، چوار مانگ و ١١ رۆژ دوای ئەو شەڕەی لە نەغەدە بە سەر کوردەکاندا سەپێندرا، کەوتە بەر شاڵاوی چەکدارە ئازەرییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی. لە ماوەی ٣ سەعاتدا نزیك بە٧٠ کەس لە دانیشتووانی ئەو دێیە کە لە منداڵی ٣ ساڵەوە تا دەگاتە پیری ٨٠ و ٩٠ ساڵەیان لە نێو دابوو، بە دڕندانەترین شێوە، گیانیان لێ ئەستێندرا. گێڕانەوەی کارەساتێك کە لەم سێ سەعاتەدا بە سەر "قارنێ"دا هات، ئەو ماتەمەی لە دوای ئەم کارەساتە رووی کردە پاشماوەی دانیشتووانی ئەم دێیە، نە لە توانای ئەم قەڵەمەو حەوسەڵەی ئەم وتارە دایە، نە مەبەستی ئەم نووسینەیە. خوێنەر دەتوانێ گۆشەیەك لەو رۆژەرەشەو لەو شەوە سامناکەی دانیشتووانی "قارنێ" لە مێشکی خۆیدا وێنا بکا کە لە نێو مەرگ و وەحشەتدا تێپەڕیان کرد. با ئەمەش لە وێ بوەستێ کە کوردستان، هەر زامی "قارنێ"ی لە جەستەیدا ، نیەو، چەندین "قارنێ" و بەدەیان کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتووانی گوندەکانی وەك ناسۆرێکی بە ژان لە هەناوی خۆیدا هەڵ گرتوە. چۆنیەتیی روودانی ئەم کارەساتانەو وێناکردن و گێڕانەوەی بەسەرهاتی قوربانییەکان و شوێنەوارە دەروونییەکانی پاشماوەکانیان دەبێ بەوانە بسپێرین کە توانای بەرهەمهێنانی کاری گەورەی ئەدەبی و هونەری و دیکۆمێنتارییان هەیە. هەر بۆیە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم بپرژێمە سەر زەمینەو هۆیەکانی ئەم بەکۆمەڵکوژییانەو، یەك دوو پرسی گرنگ لە پێوەندی لەگەڵ ئەم تاوانە گەورانەدا، بورووژێنم.



**شەڕی قەومی و مەزهەبی یا شەڕی رێژیمێك لە دژی نەتەوەیەك؟!**

وەك گوترا کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتووانی گوندەکانی کوردستان، بە دەستی چەکدارە ئازەرییەکانی سەر بە رێژیم و پشتیوانیی ئەرتەش و سوپاو کاربەدەستانی دەوڵەتی کرا. لێرەوە دەچینە نێو ئەو باسە کە ئایا کوردەکان و ئازەرییەکان پێکەوە کێشەی تایبەت (کێشەی ئەرزی، ئیداری و ئایینی)یان هەبوو؟ ئەگەر ئەم جۆرە کێشانەیان پێکەوە نەبوو، بۆچی کوشتاری کوردەکان بە دەستی ئازەرییەکان ئەنجام درا؟

راستە کوردو ئازەری دوو نەتەوەی جیاوازن و لە باری ئایینیشەوە، زۆربەی کوردەکان سوننی مەزهەب و، زۆربەی ئازەرییەکان شیعە مەزهەبن، بەڵام کوردەکان و ئازەرییەکانی ئەم ناوچەیە، پێش هاتنە سەر کاری رێژیمی ئیسلامی، نەك هەر لەگەڵ یەکتر لە شەڕدا نەبوون، بەڵکوو پێوەندییەکی ئاسایی و دۆستانەشیان هەبوو. گرژییەکان لە دوای سەرکەوتنی راپەڕینی گەلانی ئێران و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دروست بوون. کوردەکان کە لە سەردەمی رێژیمی پێشوودا هەموو کات ژێر دەست و سووکایەتی پێکراو بوون، دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی و نەمانی کۆنترۆڵی دەوڵەتی بە سەر شارو گوندەکانیاندا، هەستیان بە ئازادی کردو خۆیان بە هاوشانی نەتەوەکانی دیکەو یەك لەوان نەتەوەی دراوسێ، ئازەرییەکان زانی. لە لایەکی دیکەوە، لە حاڵێکدا لە نێو ئازەرییەکان ئەو کاتە شتێك بە ناوی داواکردنی مافی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە گۆڕێدا نەبوو، لە کوردستان، خەڵك یەکپارچە داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆیان دەکردو پێیان وابوو ویست و داخوازی لە دەیان ساڵ لەوەپێش سەرکوتکراویان دەبێ بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشدا، بێتە دی. یەکێك لە داخوازە سەرەکییەکانی کوردەکان زاڵبوون بەسەر چارەنووسی خۆیاندا، بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات و ئیدارەی شارو ناوچەکانیان بوو. کوردەکانیش وەك هەموو خەڵکی ئێران لە رەوتی راپەڕین و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، لە چەك کردنی پادگانەکان و پاسگاکان و بنکە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی شایەتی‌دا بەشدار ببوون. بەڵام ئەوان بە پێچەوانەی خەڵکی ناوچەکانی دیکە، ئامادە نەبوون بە بێ داننانی رێژیمی تازە بە مافەکانیان، ئەم چەکانە ئەویش بۆ سەرکوتی خۆیان - بدەنەوە بەو رێژیمە.

لەو لاشەوە قازانج و بەرژەوەندی دوو دەستە یەکیان گرتبۆوە:

١.کاربەدەستان و دەست پێوەندە ئازەرییەکانی رێژیمی پێشوو کە رابردوویەکی دیاریان لە خزمەت بە رێژیمی شایەتی و پاوانکردنی کۆمەڵێك ئیمتیازو...ی ئەو سەردەم بۆ خۆیان و نزیکانیان-دا هەبوو.

٢. کەسانێك کە رێژیمی تازە کردبوونی بە دەمڕاستی خۆیان و لە ورمێ و نەغەدەو پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا بە گشتی جڵەوی کاروباری پێ‌سپارد بوون. دەمارگرژیی ئایینی و نەتەوەیی و رق لە کوردو نیگەرانی لە مەوقعییەتی تازەی کوردەکان و، پێویستیان بە قایمکردنی جێ پێی خۆیان لە رێژیمی تازەدا، هاودەستیی ئەوان لەگەڵ یەکترو پیلانگێڕی لە دژی داخوازەکانی کوردەکان و پەرەپێدانی گرژی لە نێوان کوردو ئازەری و راکێشانی پشتیوانیی دەسەڵاتی تازە بۆ لای خۆیانی لێ کەوتەوە. دەسەڵاتی تازەش کە هەر لە جێدا لە ماهییەتیدا نەبوو دان بە مافی نەتەوەیی گەلانی ئێراندا بنێ‌و قبووڵکردنی داخوازەکانی خەڵکی کوردستانی بە مەترسییەك بۆ وەحدەتی ئوممەتی ئیسلامی و تەواوەتیی ئێران دەزانی، بە کەڵکوەرگرتن لەم دوو دەستەیەو دنەدانی زیاتری هەستی مەزهەبی و نەتەوەیی ئازەییەکان، بە کردەوە ئازەرییەکانی بۆ سەرکوتی کوردەکان بە کار هێناو شەڕی کوردانی بەوان کرد. ئەو ئازەرییانەی خزابوونە ریزەکانی ئەرتەش و سوپاو دامەزراوە چەکدارییەکانی رێژیمی تازە، فەرقیان بە هێزی چەکداری کوردو خەڵکی بێ‌دیفاعی شارو گوندەکانی کوردستان نەدەکردو تۆڵەی شکستی خۆیان لە شەڕی پێشمەرگەدا، لەو خەڵکە بێتاوان و بێ‌دیفاعە دەکردوە کە کوردبوون و پشتیوانییان لە رۆڵە پێشمەرگەکانیان و حیزب و رێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستان دەکرد. بەو حاڵەش، ئەوەی لەو ساڵانەدا لە پارێزگای ورمێ و بە دەستی ئازەرییەکان و لە دژی کوردەکان روویاندا حەق نیە ناوی شەڕی قەومی و ئایینی یا شەڕی کوردو تورکی لەسەر دابنرێ. چونکە جگە لەوەی رووی داخوازەکانی کوردەکان لە ئازەرییەکان نەبووو کوردان کێشەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئازەرییەکاندا نەبوو، ئازەرییەکانیش بە تێکڕا وەك گەلێك نەهاتبوونە نێو شەڕی کوردکوژی. ئەوە تەنیا ئەو بەشە لە کاربەدەستانی دەمارگرژو کۆنەپەرست کە قازانجی شەخسیی خۆیان لە گەورەکردنەوەی کەلێنی نێوان کوردو ئازەری‌دا هەبوو، هەروەها ئەو ئازەرییانەی بە دنەدرانی هەستی قەومی و ئایینی بۆ نێو ریزەکانی سوپاو بەسیج و هێزە چەکدارەکانی رێژیم راکێشرابوون، لەم تاوانانە بەرپرسن نەك سەرجەم گەلی ئازەری. دیارە حاشا لەوە ناکرێ لە حاڵێکدا خەڵکی کوردستان سەبارەت بە حەقخوازی‌و سوور بوونیان لەسەر داخوازە نەتەوەیی-یەکانیان و قبوڵ نەکردنی بێ‌مافی‌و ژێردەستی کەوتبوونە بەرەی دژبە کۆماری ئیسلامی، ئازەربایجانییەکان بەهۆی هەبوونی پێگەیەکی هەرلەکۆنەوەبەهێز لە ئابووریی ئێران داو، نزیکبوون لە باری ئایینییەوە لە رێژیمی تازەو، بێبەشی لە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی، لەبەرەی پشتیوان و لایەنگری ئەو رێژیمە دا بوون. کۆماری ئیسلامی توانی بە کەڵکوەرگرتن لە نفووزی خۆی لە نێو ئەم گەلەدا، لە ئاستی جۆراوجۆرو بە بەشێوەی جیاواز لە دژی کورد بەکاریان بێنی و شەڕی نارەواو کۆنەپەرستانەو دژی گەلییانەی خۆی لە دژی خەڵکی کوردستان، تارادەیەکی زۆر بەوان بکا.



دیمەنی یەکێك لە کوژراوەکانی قارنێ

ئێستا کە ٣٠ ساڵ بەسەر کارەساتی ویژدان هەژێنی قارنێ و چەندین تاوانی دیکە لە دژی گوندنشینانی کوردستان دا رادەبڕێ، جێی خۆیەتی لە روانگەیەکی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانەو لە دەلاقەی بەرژەوندە درێژخایەنەکانی دووگەلی دراوسێی کوردو ئازەربایجانی یەوە، ئاوڕلەم رووداوانە بدەینەوە.بەتایبەتی کە بە خوشییەوە لە لایەکەوە نیوەرۆکی کۆماری ئیسلامی و دژایەتی ئەو سیستەمە لەگەڵ زمان و نەتەوە نافارسەکانی ئێران، بۆ خوشك و برا ئازەرییەکانمان روون بۆتەوە و، لەلایەکی دیکەشەوە بیری نەتەوەیی و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئازەربایجان گەشەی کردوەو بەسەر دەمار گرژیی ئایینی دا زاڵ بووە.

لە ئاوڕدانەوە لەم رابردووە خۆیناوەییە دا، بزووتنەوەی کوردستان ورێکخراوە سیاسییەکانی گەلی کورد، ئەگەر بیانەوێ بەچاوێکی رخنەگرانە بروانن پشکی خۆیان لە دروستبوونی ئەم رووداوانەدا، دەبێ قبووڵ بکەن کە ئەوان بەو جۆرەی پێویستە بەدبینی و نیگەرانییەکان و ترسی بەجێ و بێ جێی گەلی دراوسێی خۆیان بە هێند نەگرت و کارێکی ئەوتۆیان بۆ رەواندنەوەی گومان و گەڕاندنەوەی متمانەی ئەوان نەکرد. ئەمە تەنیا رەخنەیەکی بەجێیە کە دەتوانین لە کوردەکانی بگرین. کوردەکان نەبەنیازی داگیرکردنی زەوی و مافی ئازەرییەکان بوون، نە دەیانەویست دەسەڵاتی شاروناوچەی تێکەڵاو لە کوردو ئازەری، بە تەنیا لە پاوانی خۆیان دابێ. نەهیچ سووکایەتییەکیان بە زمان و فەرهەنگ و ئایینی دراوسێکانیان کردبوو، نەمافێکیان لێ داگیر کرد بوون. ئەگەر چەکی پاسگاو پادگانەکانی رێژیمی پێشوویان لای خۆیان راگرتبوو، بەڵام نەك بۆ هەرەشە لەگەلێکی دیکە، بەڵکوو بۆ راوەستان لە بەرامبەر هێرش و لەشکرکێشیی رێژیمێك دا بوو، کە وەك رێژیمەکەی پێش خۆی ئامادە نەبوو دان بە مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلانی زۆر لێکراوی ئێران دا بنێ و، دەیەویست جارێکی دیکە ژێر دەستی و بێمافییان بەسەر دا زاڵ بکاتەوە.

بەڵام رووناکبیران، نوخبەکان و رێکخراوو گرووپە سیاسی‌و فەرهەنگییە ئازەرییەکان چی؟ ئەوان چۆن دەڕواننە ئەم رابردوویەو، رۆڵی گەلی خۆیان بەگشتی و بەتایبەتی پیاوە ئایینی‌یەکان، کاربەدەستان و کەسایەتییە دەسترۆیشتووەکانی ئازەری و ئازەربایجانی لەو شەڕەدا کە لە دژی کورد کرا، چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟ کەمترین چاوەڕوانی لەوان ئەوەیە بەرێوەبەران و تاوانبارانی ئەم کارەساتانە لە قاو بدەن، کوشتاری گوندنشینانی بێتاوانی کوردستان مەحکووم بکەن و، بە دەرهاویشتنی تاقمێك مرۆڤکوژی رەگەزپەرست و دواکەتوو لە ریزی گەلی خۆیان، پەڵەی ئەم تاوانانە لە داوێنی گەلی ئازەریی بشۆنەوە. پێشەنگان، رووناکبیران، نوخبەکان و کەسایەتییە دێموکرات، مرۆڤدۆست و مودێرنەکانی گەلی دراوسێمان دەبێ لە بیریان بێ هەتا ئێستاش کاربەدەستانی ئازەریزمان لە ورمێ، نەغەدە، میاندواو، تیکاب و زۆرشوێن و ناوچەی دیکە لە ستەم و جیاوازیدانان بەدژی کوردەکان غافڵ نین. راستە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست هانی ئەم جۆرەستەم و جیاوازیدانانە دەدا، بەڵام رووناکبیران و چالاکانی مەدەنی، سیاسی‌و فەرهەنگیی ئازەربایجان لەم نێوەدا چ نەخشێکیان هەیە؟ دەبێ لێی بیدەنگ بن و بەم جۆرە بێڵن گیانی ناتەبایی و لێك دڕدۆنگ بوون و دوورکەتنەوەی دوو گەل لەیەکتر بە هێز بێ یا پێویستە دژی ئەم کردەوەو رەفتارانەو هەموو ئەو تاوانانەی لە پێشوودا دژی کوردان، کراون دەنگ هەڵ ببڕن و بیسەلمێنن کە لەمڕۆی ئازەرییەکان و ئازەربایجانییەکان دا عەقڵییەتێکی تازە هاتۆتە کایە کە دەکرێ بناغەیەکی باش بۆ داهاتووی برایەتی و دراوسێیەتیی ئەو دوو گەلەی لەسەر بنیات بنرێ.

٣٠ ساڵەی تاوانی قارنێ‌و بەکۆمەلکوژییەکانی دیکە، دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی کارێکی بە سوود لە ئاسی قووڵی و گەورەیی ئەو کارەساتانە دا بکەین. چ کارێك لەمە باشترە کە نەهێڵن لە داهاتوودا ئەم جۆرە تاوانانە دووپات ببنەوە؟ بەڵام ئایا ئەم کارە بەبێ ماڵاوایی لە دەمارگرژیی نەتەوەیی و ئایینی و دووری لە دەست تێکەڵاو کردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شووێنیست و دژی گەلی و، بەبێ لە قاودانی تاوانباران و، داننان بەبوونی جیاوازییەکان و رێزگرتن لە مافەکانی پێکهاتەی قەومی و ئایینی و رەگەزیی جیا لە خۆمان، دەکرێ؟. بیگومان نا. گەلی کوردو بەتایبەتی پاشماوەکانی خەڵکی بەکۆمەڵکوژراوی قارنێ، و قەڵاتان و ئیندرقاش و سۆفیان و سەرووکانی و هتد، چاوەڕوانن لەم بارەیەوە خوێندنەوە و وەڵامی نوێی گەلی دراوسێ ببیسنەوە.

# کارەساتی قارنێ لە ویکی پیدیا دا

ئامادە کردن و وەرگێڕانی: ب.هیوا

لە "ویکی پیدیا" (زانستنامەی ئازاد)ی فارسی دا، کۆمەڵە بابەتێك لەبارەی قەلاچۆی خەڵکی "قارنێ"وە هەیە. لە دەستپێکی لاپەڕەی تایبەت بەم رووداوەدا گوتراوە نێوەرۆکی ئەم وتارە لەوانەیە نادروست، لایەنگرانەو گومان هەڵگر بێ. سەرەڕای ئەم تێبینییەش، "کوردستان" چەند بەشێك لە وتارەکەی ویکی پیدیا کە زانیاریی سەرنجراکێشی لەبارەی رووداوی بەکۆمەڵکوشتنی دانیشتووانی "قارنێ" تێدایە، بۆ ئەم ژمارەیە هەڵبژاردوەو کردوویە بەکوردی:

قارنا (بە کوردی قارنێ Qarne، qarna) گوندێکی سەر بە شارستانی نەغەدە هەڵکەوتوو لە پارێزگەی ورمێ (ئازەربایجانی رۆژئاوایە) کە کەوتۆتە ٧ کیلومیتریی باشووری رۆژئاوای نەغەدە. ئەم گوندە کە ١١ی خەرمانای ١٣٥٨ی هەتاوی، رێکەوتی ٢ی سێپتامبری ١٩٧٩ لە گەرمەی شەڕی کوردستان دا کەوتەبەر هێرشی دەست و پێوەندە چەکدارەکانی ئایەتوڵلا حەسەنی کە لەم رووداوەدا ٦٨ کەس لە دانیشتووانی گوند کوژران.

**بەشێك لە فەرمانی خومەینی (٢٧ی گەلاوێژی ١٣٥٨) بە مەبەستی هێرش بۆ سەر کوردستان:**

"لەملاو لەولای ئێران، گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران و خەڵکی بوێر داوایان کردوە من دەستوور بدەم ئەوان بەرەو پاوە وەڕێ بکەون بۆ ئەوەی کۆتایی بەم ئاژاوەیە بێنن. من سوپاسیان دەکەم و بە دەوڵەت و ئەرتەش و ژاندارمەری رادەگەیەنم ئەگەر بە تۆپەکان و تانکەکان و هێزی چەکدارەوە تا ٢٤ کاتژمێری دیکە بەرەو پاوە نەڕۆن، هەموویان بە بەرپرس دەزانم."(١)

*پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ، خومەینی لە کۆڕی نوێنەرانی "مەجلیسی خیبرەگان" لە شاری قوم لەبارەی داوای خودموختاریی خەڵکی کوردستانەوە گوتی:

سنوورەکانیان ئازاد کرد، قەڵەمەکانیان ئازاد کرد، وتارەکانیان ئازاد کرد، حیزبەکانیان ئازاد کرد، بەو خەیاڵە کە ئەوانەش بۆخۆیان خەڵکێکن... ئەمانە خرابکارن، ئیدی لەگەڵ ئەم کەسانە ناکرێ بە نەرمی رەفتار بکەین...، ئەمانە حەشیمەتێکی خراپکارن، حەشیمەتێکی گەندەڵن، ئێمە ناتوانین بێڵین کە هەر کارێکی پێیان خۆشە بیکەن. ئێستاش نارەزایەتییان دەربڕیوە کە خودی ئێوەش ئەم کارانە دەکەن، وەك ئەوەی ئەوان پێرێ و چەند رۆژ پێشتر ئەو خرابکارییەیان کرد... بۆخۆیان ئاژاوە ساز دەکەن پاشان بە ئەستۆی خەڵکی دادێنن... ئەوانە خەڵکێکی ئەتۆن... ئەمانە دەبێ بەوپەڕی توندوتیژییەوە رەفتاریان لەگەڵ بکرێ.(٢)

*رۆژێك بەر لە کوشتاری قارنێ زانایانی ئەهلی سوننەتی کوردستان لە نامەیەك دا وێڕای نارەزایەتی دەربڕین لە کوشتاری کوردەکان بۆ خومەینییان نووسی:

لە ئاکامی تەبلیغاتی شووم و هەواڵی چەواشەکارانەی تاقمێکی قین لەدڵ و نەزان، زەینی رێبەریان لە دژی نەتەوەی کورد شێواندوە و بوون بە هۆی ئەوە دژی میللەتی کورد بەسیجی گشتی رابگەیەنێ و لەوپەڕی دڵرەقی و بێرەحمی دا، کەسانی بێچەك و بێتاوان کە تاوانێکیان بێجگە لە کورد بوون و سوننی بوون نیە، لە دادگای ئیسلامی دا بەبێ موحاکەمە، مەحکووم و گوللەباران بکەن.

***تێکهەڵچوونی "دووئاوان" و کوشتاری قارنێ**

رۆژی ١٣٥٨/٦/١٠ (رۆژێك بەرلە قەلاچۆیەکە) لە پاسگای دووئاوان، لە نێوان هێزەکانی حیزبی دێموکرات و تاقمێك هێزی چەکداری "جەوانمەرد"ی خەڵکی نەغەدە، شەڕێك روو دەدا کە دەبێتە هۆی کوژرانی ١٥ کەس لە هێزە چەکدارەکانی ناسراو بە جەوانمەرد. (بە گوێرەی گێڕانەوەیەکی دیکە ئەم کەسانە بە بێ چەکی و بۆ سەردانی بنەماڵەکانیان، لە پادگانی جەلدیانەوە دەگەڕانەوە نەغەدە کە دەکەونە کەمینی هێزەکانی حیزبی دێموکرات و دەکوژرێن). دوای راگوێزرانی تەرمەکانیان بۆ نەغەدە بارودۆخی شار دەشێوێ. ژمارەیەك لە دانیشتووانی تورك زمان و خزم و کەسی کوژراوەکان دەیانەوێ تۆڵە لە کوردەکانی دانیشتووی نەغەدە بستێننەوە. بەڵام خۆ تێهەڵقوتاندنی بروا پێکراوانی شار، دەبێتە کۆسپی سەرڕێی کوشتاری کوردەکانی نەغەدە. کەشوهەوای گرژو ئاڵۆزی شار دەبێتە هۆی ئەوە کوردەکان، گوندەکانیان و شاری نەغەدە بەجێ بێڵن. عەزیم مەعبوودی (کە مەهدیی بەهادۆران نوێنەری حوسێنعەلی مونتەزیری وەك یەکێك لە بەڕێوەبەرانی کوشتارەکە ناوی دەبا) نامەیەك بۆ پیاوماقوولان و کەیخودای دێی قارنێ دەنووسێ کە دەقەکەی بەم جۆرەیە:

"جەنابی ئاغای بێهلوول گوڵستان و عەزیز بازدار و خەلیل خوسرەوی! پاش سڵاو، تکام ئەوەیە بۆ هاتوچۆی شار بەمەبەستی کڕینی خاروباری گوندی قارنێ، هەم بۆخۆتان و هەم برایانی دیکەی گوندی قارنێ، هاتوچۆتان هەبێ. هەر کەسێك بچووکترین نارەحەتی بۆ ئێوەو برایانی دیکەی کورد پێك بێنێ، دەستبەجێ یا سەردانی ئینتیزامات یا سەردانی من بکا تا ئەو کەسە وەك دژی شۆڕش بگرم و تەحویلی کاربەدەستانی دەوڵەتی بدەم. بە کورتی هیچ چەشنە ترس و نارەحەتییەکتان نەبێ. ئێمە هەموومان براین. بەوپەڕی رێزەوە: حاجی عەزیم مەعبوودی ١٣٥٨/٦/١٠"(٣)

ئەم نامەیە خەڵکی گوندی لە چۆڵکردنی دێیەکەیان پەژیوان کردەوە و دەبێتە هۆی ئەوە ئەوان دڵنیا بن کە هیچ هێرشێك ناکرێتە سەریان. بەڵام رۆژی ١١ی خەرمانان، گوندەکە گەمارۆ دەدرێ و دەوروبەری ١ی دوانیوەڕۆ نزیکەی سەد کەس کە یونیفۆرمی سوپایان لەبەردا بووو چەکی ژ-٣ و قەمەیان پێبوو، دێنە نێو گوند. مەحموود بێهتەرزادە، مەلای ئاوەدانی کە نیازی چەکدارەکانی بۆ دەردەکەوێ، قورئانەکەی هەڵدەگرێ و داوایان لێدەکا بۆ خاتری قورئان، واز لە کوشتاری خەڵك بێنن. بەڵام چەکدارەکان، دەیکوژن و دوایە سەری دەبڕن. ئەوانەی توانیان خۆیان بشارنەوە، یا رابکەن، ئەوە گیانی خۆیان دەرباز کرد، بەڵام پاشماوەی دانیشتووانی دێ کە ٦٨ کەس بوون لە ماوەی سێ سەعات دا قەلاچۆ کران. ئەو کەسانەی توانیبوویان لەوێ رابکەن پەنایان بردبووە بەر چیای بداخ، پشتیوانیی کەسانی توندڕەوی تەیار بە تۆپ و تانك، نیشانەیەکی ئاشکرایە لە پشتیوانیی دەوڵەتی لەم کوشتارە. نووسینی نامە لەلایەن عەزیم مەعبوودییەوە، رۆژێك بەر لە کوشتارەکەو هەروەها بەشداریی ناوبراو لە بەکۆمەڵکوشتنی خەڵکی ئەو گوندەدا زۆر بە باشی دەری دەخا کە کوشتاری ئەم گوندە، بە پێی بەرنامە بووە.(٤)

**هەنگاوەکان و لێکۆڵینەوەکانی دوای کوشتار**

ئەبولحەسەن بەنی سەدر کە ئەوکات رۆژنامەی "انقلاب اسلامی"ی دەردەکرد، لەچەند دێڕدا پرژایە سەر ئەم کارەساتەو کەسانی خاریجی و سەر بە دەرەوەی سنوورەکانی لەم جینایەتەدا بە تاوانبار زانی(٤). بەڵام لە ژمارەی ٦٥٢ی رۆژنامەی "انقلاب اسلامی در هجرت"دا نووسی: ئەو کات، هەر ئەم ئیمام جومعەیەی ورمێ، حوجەتولئیسلام حەسەنی، نوێنەری ئیمام خومەینی لە ورمێ (ئازەربایجانی رۆژئاوا) بووو، بەم هۆیەوە کە ژمارەیەك لە هێزەکانی کۆمەڵە بە مەبەستی هێرش بردنە سەر هێزە نیزامییەکانی ئێران، لە گوندی قارنێ، لە پەنا خەڵك مەتەرێزیان گرتبوو، دەستووری دا بۆ لە نێو بردنی ئەفرادی کۆمەڵە، خەڵکەکە قەلاچۆ بکەن(٥). مەهدیی بەهادۆران کە لە لایەن حوسێنعەلیی مونتەزیری کرابوو بە بەرپرسی لێکۆڵینەوە لەبارەی کوشتاری قارنێ، لە راپۆرتەکەی دا کە لە رۆژنامەی "اطلاعات"ی رۆژی ١٣٥٨/٦/٢٦دا بڵاو بۆوە، دەنووسێ: بە پێی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لە راپۆرتەکان و نەواری قسەکردنەکان، جەوانمەردانی سەر بە ژاندارمەری و بەناو موجاهیدەکانی نەغەدە کە لەژێر سەرپەرستیی ئاغای مەعبوودی و سەرگورد نەجەفی دان، لە گوندی قارنێی نەغەدە، لانیکەم ٤٥ کەسی بێتاوانیان کوشتوەو پاشان کوژراوەکانیان بۆ دەرو دەشتی دوور لە ئاوایی راگوێزتوە تا وانیشان بدەن کە لە شەڕدا کوژراون و دێهاتیان تاڵان کردوە و ئاگریان تێبەرداوە. ئوستوار بیگلەری لە "کوپکلو" ٥ کەسی کوشتوە. ئەمانە لە ئاکامی بێلیاقەتی یا خیانەت و پیلانی فەرماندەرانی ژاندارمەری دا لە لایەك و دنەدانی هەستی دژ بە کورد و وروژاندنی گیانی تۆڵەستاندنەوە لە کوردە بێتاوانەکان، لەلایەکی دیکەوە بوو. بەداخەوە ئەگەرچی تاوانبارانی ئەم بەکۆمەڵکوشتنە، ناسراون، بە هۆی پشتیوانیی زەهیرنەژاد (فەرماندەری لەشکەری ٦٤ی ورمێ) ئیمکانی گرتن و سزادانی گەندەڵکارانی خوجێیی نیە)(٦). نەك هەر لە نەغەدە و دەوروبەر، بەڵکوو لە سەراسەری کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا، یەکێك لە هۆکارەکانی شەڕو خوێنرێژی، ئاخوندە ساواکییە دژە کوردەکان و دەرەبەگە چەکدارەکانن کە لە لایەن ئەرتەش و ژاندارمەرییەوە چەکدار کراون(٧). ئەو بەڵگەو نیشانانەی بەدەستەوە هەن، دەری دەخەن کە لە کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا پیلانێکی گوماناوی لە گۆڕێ دایە. چونکە ئەو دەرەبەگ و خاوەن ملکانەی لە رێژیمی پێشوودا داردەستی شا لە ناوچەدا بوون، بە هۆی کەسانێکی وەك دوکتور چەمران، تیمسار زەهیرنەژاد، فەرماندەی لەشکەری ٦٤ی ورمێ، سەرهەنگ شەهبازیان و فەرماندەکانی دیکەی ئەرتەش و ژاندارمەری تا بینەقاقا چەکدار کراون و خەڵکی هەژار و ژێردەست کە لەمێژساڵە بە دەستی دەرەبەگەکانەوە چەوساونەوە، دەخەنە ژێر گوشار.(٨) بە دوای ئەم رووداوەی قارنێدا، "حەقگوو" پارێزگاری ئەوکاتی ئازەربایجانی رۆژئاوا رایگەیاند: تاوانبارانی ئەم رووداوە دەگیرێن و سزا دەدرێن. دواتر هەیئەتێك پێکهاتوو لە حەکیم نەژادی لە لایەن سەرۆك وەزیرەوە، محەممەدباقر هاشمی لە لایەن پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاواوەو عەبدوڵلا رەحیمی برای حاجی مەلا ساڵحی رەحیمی (پێشنوێژی خەڵکە سوننییەکەی نەغەدە) سەردانی ئەم گوندەی کرد و پاش پێوەندیگرتن بە دێنشینەکان و لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم کارەساتەوە، راپۆرتی خۆیان دایەوە بە سەرۆك وەزیر و پارێزگاری ئازەربایجانی رۆژئاوا.(٩)

"حەقگوو" پارێزگاری ئەوکاتی ئازەربایجانی رۆژئاوا لە وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری "چشم‌انداز ایران"دا لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا "ئایا هیچ لێکۆڵینەوەیەك بۆ دۆزینەوەی هۆیەکانی رووداوی قارنێ کرا؟" دەڵێ:

"بە رواڵەت دوو گرووپ لەم بارەیەوە، رای خۆیان دەربڕیوە. یەکیان ئاغای بەهادوران کە لە لایەن بەڕێز ئایەتوڵلای گەورە مونتەزیرییەوە هاتبوونە ناوچە، یەکیشیان، راپۆرتی ئوستانداری بوو". لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە "چیت لەم بارەیەوە لەبیر ماوە"؟ دەڵێ: راپۆرتی ئاغای بەهادۆران نەگەیشتە دەستی من. لەوانەیە دوای مردنی ناوبرا، راپۆرتەکە لەنێو برابێ. هاتنی ئاغای بەهادوران بۆ ناوچە بێ ئاگادار کردنەوە و هەماهەنگی لەگەڵ ئێمە بوو. بۆخۆی هات و هێندێك بیروڕای خۆشی دەربڕی و چۆوە. دیارە زەحمەتەکانی ئاغای بەهادوران و کەسانی دیکەی وەك ئەو کە هێندێکیان بۆ مەئمووریيەتی ئەم چەشنە دەهاتنە ناوچە، لە خۆشەویستی و ئۆگرییان بە شۆڕشەوە بووو، جێگەی رێزو پێزانینە. بەڵام ئەم کارانە کە بێ هەماهەنگی دەکران ئاکامێکیان نەدەبوو. لەبارەی راپۆرتی ئوستانداریيشەوە هیچم لەبیر نیە". فەزلوڵلا سەلواتییش باسی ئاگادار نەبوونی دەوڵەتی کاتی لەم رووداوە و تێکهەڵچوونەکانی دیکەی سەرسنوور دەکا.

لە سێپتامبری ٢٠٠٥، مادیح ئەحمەدی، رۆژنامەنووسی سەربەخۆو هاوکاری ژمارەیەکی زۆر لە چاپەمەنیی کوردی لە کاتی گەڕانەوە بۆ کوردستان لە ناوچەی سەرسنووری "سەوڵاوا" (سروآباد) گیرا. ناوبراو خەریکی لێکۆڵینەوە لەبارەی کوشتاری خەڵکی ئاوایی "قارنێ" لە دەیەی پەنجای هەتاوی دا بوو. بەڵگەنامەکان و دەستنووسەکانی ئەو، بە هۆی مەئمورانی ئینتیزامیی ئێرانەوە وەك بەڵگەی تاوان، لە کاتی گیرانی دا، دەستیان بەسەرداگیرا و، لەم پێوەندییەدا، ساڵێك زیندان و ٥٠ شەللاقی وەك سزا بۆ بڕایەوە.(١٠و ١١و ١٢)




**سەرچاوەکان:**

١)رۆژنامەکانی "کیهان"و "اطلاعات"و... شەممە، ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٥٨

٢)قسەکانی خومەینی، کاتژمێر ٨ی شەو لە رادیۆو تەلەویزیۆنی سەرانسەریی وڵات دا بڵاو بوونەوە، رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨(١٧ی ئووتی ١٩٧٩)یش دەقی تەواوی قسەکانی لە رۆژنامەکانی "کیهان"و "اطلاعات"دا چاپ بوو.

٣و٤) کتێبی " قارنا و انقلاب" لە دانانی "بێهزاد خۆشحاڵی"

٥) وەرگیراو لە رۆژنامەی "انقلاب اسلامی در هجرت"

٦) رۆژنامەی "اطلاعات" ١٣٥٨/٦/٢٦

٧) رۆژنامەی "اطلاعات" ١٣٥٨/٦/٢٦

٨) رۆژنامەی "اطلاعات" ١٣٥٨/٦/٢٦

٩) رۆژنامەی "کیهان"، ١٣٥٨/٦/٣١

١٠) راپۆرتی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان ١٣٨٤/٦/١٣

١١) وەرگیراو لە هەواڵدەریی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

١٢)وەرگیراو لە کۆمیتەی خوێندکاریی بەندییە سیاسییەکان

# بەڵێ بۆ هەموو شێوە مەشرووعەکانی خەبات

✍ مستەفا مەعرووفی

لە کۆتاییەکانی گەلاوێژی ئەم ساڵ دا ١١ تێکۆشەری کورد لە سێ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان : حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کەوتنە بەر پەلاماری هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید بوون. ئەم ڕووداوە لەگەڵ هەڵوێستی جۆراوجۆرو تەنانەت دژبەیەک بەرەو ڕوو بوو. کەسانێک هەن زیندوویەتیی شۆڕش‌و خەبات زیاتر لە خەباتی چەکداری دا دەبینن‌و کەمتر سەرنج دەدەنە لایەنە تەشکیلاتی‌و ڕاگەیەندنەکانی حیزبە کوردی-یەکان‌و هەست بە کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر بیروڕای گشتیی خەڵک‌و پووچەڵ کردنەوەی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ناکەن. هەر بۆیەش بە هۆی لە گۆڕێ دا نەبوونی خەباتی چەکداری زۆر جار لە فکری "زیندوو" کردنەوەی خەبات دەکەون. لە بەرامبەر دا کەسانێک هەن خەباتی چەکداری مەحکووم دەکەن‌و بێ ئەوەی سەرنج بدەنە هەوڵی بێوچانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بۆ چارەسەری سیاسی‌و ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە لایەک‌وماهیەتی شەڕخوازانەو دەستدرێژیکەرانەی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکە، ئەو شێوە لە خەباتی چەکداری کە لە ڕاستی دا دیفاعی چەکدارانە بووە مەحکووم دەکەن.

سەرەڕای ئیدیعای کەسانێک کە حەرەکەتی ئەم دواییyanەی سێ هێزی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خەباتی چەکدارانە لە قەڵەم دەدەن، ئەم حەرەکەتە تەنیا لایەنی سیاسی‌و تەبلیغیی هەبووەو مەبەست حوزووری فیزیکیی تێکۆشەرانی کورد لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بووە. ئەم کەسانە ئەو چەکەی کە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پێیان بووە بە نیشانەی خەباتی چەکداری دەزانن‌و هەر وا بزانە لە ماهیەتی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی شارەزا نین کە لە هەر شوێنێک دەستی بگاتە تێکۆشەری کورد چەک بەکار دێنێ. ئەم کەسانە جگە لەوەی حوزووری ئەم تێکۆشەرانە بە خەباتی چەکداری ناو دەبن، لە جیاتی هاودەردی‌و بە داخبوون لە لەدەستچوونی پۆلێک تێکۆشەر، مەحکوومی دەکەن، کەچی باسێک لە مەحکووم کردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم ناکەن. جگە لەمەش ئەم حەرەکەتە بە زەرەری خەباتی مەدەنی ناو دەبەن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لە نێو ئەمانە دا کەسانێک هەن کە پێشتر ڕەخنەیان لە "کەمپنشینی"ی هێزە کوردییەکان دەگرت‌و تەنانەت میکانیزمیان بۆ "زیندوو" کردنەوەی خەبات واتە وەڕێ خستنەوەی خەباتی چەکداری دادەنا!

هەرچۆنێک بێ حەرەکەتی ئەم دوایەیانەی تێکۆشەرانی سەر بە سێ هێزی کوردی هەرچەند شەڕی نیزامیی تێدا ڕوو داو ١١ تێکۆشەری کورد شەهید بوون، بەڵام ئەمە خەباتی چەکداری نەبوو. خەباتی چەکداری یان لە ڕاستی دا دیفاعی چەکدارانە پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دەست پێ دەکاو تا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی درێژەی کێشا. ئەم شێوە لە خەباتەش سەرەڕای هەوڵی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بۆ چارە سەری کێشەی کورد لە ڕێگەی سیاسی‌و ئاشتیخوازانەوە بەسەر کورد دا سەپا. تەنانەت هێزە سیاسی-یەکانی کورد بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەل‌و دەرفەت‌و سەرمایەی زۆر بە نرخی لەم ڕێگەیە دا لەدەست دا. دیفاعی چەکدارانە بۆ چەند مەبەست بوو: یەکەم، بۆ ئەوە بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بسەلمێنێ کورد واز لە ویست‌و داخوازەکانی ناهێنێ‌و بەربەرکانی دەکا تاکوو ناچاری بکا مل بۆ وتوویژ ڕابکێشێ‌و لەوە حاڵی بکرێ کە مەسەلەی کورد هەیەو ناتوانێ خۆی لێ گێل بکاو بیخاتە پشت گوێ. دووەم، شکاندنی هەیبەت‌و جەبەڕووتی ئەرتەش‌و هێزە نیزامییە پۆشتەو پەرداخەکانی دەوڵەت کە تا هەلومەرجی ناوچە نەگۆڕا نەی توانی بەسەری دا زاڵ بێ‌و ئێستاش ترسی لە سەرهەڵدانەوەی ئەم شێوە لە خەباتە هەیە. سێیەم، بە مەبەستی خۆپاراستنی هێزە کوردییەکان لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی. چوارەم دەستەبەری حوزووری فیزیکیی کادرو پێشمەرگە لە نێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵک دا.



حەرەکەتی ئەم دواییانەی کادرو پێشمەرگەی هێزە کوردییەکان بە چەکەوە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان نەبێ هیچ کام لەو مەبەست‌و تایبەتمەندیانەی خەباتی چەکدارانەی تێدا نەبوو. تیمی هیچ کام لە تێکۆشەرانی ئەم هێزانە لە قامکەکانی دەست تێ نەدەپەڕین. لە حاڵێک دا خەباتی چەکداری بە هێزێکی زیاترەوە دەکرێ. ئەم تێکۆشەرانە لە سێ تیمی بچووکی جیاواز دا کە هەر کامیان لە لای یەکێک لە حیزبەکانەوە مەئموورییەتیان وەرگرتبوو بۆ لە کەمین خستن و زەبر لێدان لە هێزەکانی دوژمن‌و پایەگا گرتن نەچووبوونەوە، لە حاڵێک دا خەباتی چەکداری بۆ ئەم مەبەستانە ڕێک دەخرێ. ئەگەر مەبەست خەباتی چەکداری بووایە ١١ تێکۆشەری کورد لە ماوەیەکی کورت دا هەر وا بە ئاسانی بێ ئەوەی دوژمن تەلەفاتێکی زۆری دابێ لە داو نەدەکەتن‌و شەهید نەدەبوون.

هەرچەند حەرەکەتی ئەم دواییانەی هێزە کوردییەکان ناوی خەباتی چەکدارانەی لەسەر دانانرێ بەڵام داخوا با بزانین هەر لە جێ دا خەباتی چەکداری زەرەی بۆ خەباتی مەدەنی - وەک هێندێک کەس ئیدیعا دەکەن - هەیە؟ ئەو حیزبانەی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران باوەڕیان بە خەباتی چەکدارانە نەبوو داخوا کۆماری ئیسلامی ڕوحمی پێ کردن؟ ئەو هێزە سیاسییانەی لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی دا بۆ سەر دەسکەوت‌و ئازادییەکانی دوای شۆڕش دیفاعی چەکدارانەیان نەدەکرد یان ناچار بەم ڕێگایە بوون یان لەنێو چوون. حوزووری حیزبی دێموکرات‌و هێزە کوردییەکان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی چەندین ساڵ‌و مانەوەیان لە مەیدانی خەبات دا بەرهەمی ئەو شێوە لە خەباتەیە. ئەگینا کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی زەفەری پێ دەبردن‌و تووشی چارەنووسی حیزبی توودە دەبوون.

لە لایەکی دیکەش ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێندێک دەرفەت لە بواری فەرهەنگی‌و ئەدەبی‌و تەنانەت کاری ڕێکخراوەیی بە شێوەی مەدەنی ڕەخساوە نەتیجەی بوونی هێزە سیاسییەکانی کوردو خەبات‌و خۆڕاگریی ئەوان بووە. هەربۆیەش لە نێو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران دا بە ڕادەی کوردستان ئەم جموجۆڵانە نابینرێن. ئەم دەسکەوتانەو ئەو پاشەکشانەی کۆماری ئیسلامی هەرچەند زۆر کەم‌و وەلامدەری ویست‌و داخوازی کورد نین، بەڵام ئەگەر هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کورد نەبووایەن وەدی نەدەهاتن. ئەزموونی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەر ئەوەمان پێ دەڵێ، ئەو دەسکەوت‌و ئیمتیازانەی کورد لە باشووری کوردستان لە نزیکەی ٤٠ ساڵ لەوە پێشەوە دەستی کەوتوون ئاکامی بەخشش‌و کەرەمی ڕێژیمی بەعس‌و دیکتاتۆرێکی وەک سەدام حوسێن نەبوون، بەڵکوو لە ئاکامی خەبات‌و فیداکاریی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردو هێزە سیاسییەکانی دابوو. ئەمڕۆ لە تورکیە کە دەسەڵاتدارانی تورک پاش دەیان ساڵ حاشا کردن لە بوونی کورد دان بە بوونی نەتەوەی کورد دادەنێن‌و تەنانەت باس لە چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد دەکەن‌و هێندێک ئیمتیازی بە کەلکیان لەم دواییانە داوە بە کورد، لە ئاکامی خەباتی چەکدارانەی کوردەکان دایە، ئەگینا دەسەڵاتدارانی تورک قەت شتی ئاوایان بە بیر دا نەدەهات.

لەو نموونانەوە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین خەباتی چەکداری یان ئیحتیمالی سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری تەواوکەری خەباتی مەدەنی‌و دەسکەوتەکانیەتی. خەباتی چەکداری دەستەبەرو پاڵپشتی خەباتی مەدەنییە. دەوڵەتانی دیکتاتۆر هەرکات ئەو مەترسییە لەسەر خۆیان هەست پێ نەکەن بوار بەوەندە تێکۆشانە مەدەنیانەش نادەن.

لەگەڵ ئەمانەش دا دیفاعی چەکدارانە بۆ کورد - لانی کەم بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان - نە ئامانجەو نە ستراتیژی، تەنانەت بوونەکەشی بەدەست خۆی نەبووەو ئەگەر هەبووە داسەپاوە. خەباتی چەکداری تاکتیکە لە کاتی پێویست دا بەکار دەبرێ. خەباتی چەکدارانە شێوەیەکە لە شێوەکانی خەبات‌و تەنانەت لە خزمەتی شێوەکانی دیکەی خەبات وەک خەباتی تەشکیلاتی‌و ڕاگەیاندن دا بووە. نە نەبوونەکەی نیشانەی دەست لە سەر دەست دانان‌و دانیشتنەو نە هەبوونەکەی بە زەرەری خەباتی جەماوەری‌و مەدەنییە. کاتێک لە خۆپێشاندانە مەدەنی‌و هێمنانەکانی خەڵکی ئێران پاش هەڵبژاردنی سەرکۆمار دەیان کەس شەهید بوون‌و سەدان کەسیش بریندار بوون لە هیچ کوێ خەباتی چەکداری لە دژی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێ دا نەبوو. لە زستانی ١٣٧٧یش دا لە خۆپێشاندانی خەڵکی شاری سنە دا بە دەستی بەتاڵ دەیان کەس شەهید بوون لە حاڵێک دا خەباتی چەکداری لە گۆڕێ دا نەبوو. کەوابوو کۆماری ئیسلامی لە سەرکوت‌و بەکارهێنانی توندو تیژی دا تەنانەت لە بەرامبەر حەرەکەتە مەدەنییەکان دا پەکی بە بیانووی هەبوونی خەباتی چەکدارانە نەکەوتوەو لە هەر حاڵ دا بەکاری دێنێ. لە هەلومەرجی ئێستا دا خەباتی چەکدارانە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی ناوچەو ئێران شێوەیەکی زۆر گونجاو نیە، بەڵام کورد مادام دوژمنی خوینڕێژو ئینسانکوژی وەک کۆماری ئیسلامیی هەیە نابێ بۆ هەمیشە پشت لەو شێوە خەباتە بکاو هەرکات پێویست بێ دەبێ کەڵکی لێ وەرگرێ.

> سەرەڕای ئیدیعای کەسانێک کە حەرەکەتی ئەم دواییانەی سێ هێزی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خەباتی چەکدارانە لە قەڵەم دەدەن، ئەم حەرەکەتە تەنیا لایەنی سیاسی‌و تەبلیغیی هەبووەو مەبەست حوزووری فیزیکیی تێکۆشەرانی کورد لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بووە

# چارەسەرێکی راستەقینە یان فۆرمالیتە؟

حەسەن شێخانی

دەوڵەتی تورکیە لە سەر بناخەی تاکەشوناسی تورك دامەزراوە. خاوەن پێکهاتەیەکی یونیتارە، لەلایەن ناوەندێکەوە بڕیار دەدرێ و پراکتیزەکردنیشی لە لایەن هەمان ناوەندەوە دەبێ.

هەوڵی دامەزرێنەرانی نوێی تورکیە لە ساڵی ١٩٢٣وە ئەوە بووە کە لەسەر بناخەی نکۆڵی کردن، سەرکوت و ئاسیمیلاسیۆنی پێکهاتەکانی غەیرە تورك، دەوڵەتێکی نەتەوەیی کلاسیك بنیاد بنێن. لە قانوونی بنەڕەتی تورکیەدا چەمکی هاووڵاتیبوون بەم شێوەیە پێناسە دەکرێ "هاووڵاتیانی تورکیە، تورکن یا کەسایەنێکن کە خۆیان بە تورك دەزانن".

پڕ ئاشکرایە فەلسەفەی دروست بوونی کۆمارو ئەو پێکهاتەو پێناسەی باسی لێوەکرا لەگەڵ سیستمێکی دێمۆکراتیك پارادۆکسێکی جەوهەری هەیەو دەرفەت بە جێگرتن و خۆگوزارشت کردنی پێکهاتەکانی غەیرە تورك نادا .

بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردو دابین بوونی ژیانێکی شەرەفمەندو یەکسان لە نێوان دوو نەتەوەی کوردو تورك دا، هەرروەها بۆ دێمۆکراتیزەکردنی کۆماری ئۆلیگارشکیی تورکیە بە شێوەیەکی راستەقینە، پێویستە پێکهاتەو پێناسەی بە دەزگاکراوو بە فەرمی کراوی هەنووکەیی لە بنەڕەتەوە دەستکاری بکرێ و سەرلەنوێ دابرێژرێتەوە.

ئایا رێبەرایەتی بزاڤی کورد ئەم مەسەلەیەی هەرسکردووە؟ مێکانیزم و رێکاری کورد بۆ دەربازبوون لە دۆخی هەنووکەیی چیە؟ پرۆژەی "کرانەوەی دێموکراتیك"ی پارتی دەسەڵاتداری دادو گەشەپێدان تا چ رادەیەك هەڵگری سەر لە نوێ دارشتنەوەی سترۆکتۆری تورکیەو دووبارە پێناسە کردنەوەی چەمکی هاووڵاتیی تورکیەیە؟



> **وڵاتی تورکیە، لە راستیدا وڵاتێکی هاوبەش و یەکگرتوویە کە لە تورکیەو کوردستان پێك دێ. دەبێ کوردستان و تورکیە وەك دوو وڵاتی هاوبەش بە فەرمی بناسرێن**

### نەخشەی رێگە

عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە درێژەی هەوڵەکانیدا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لە باکووری کوردستان، لەم دواییانەدا نەخشەیەکی بە ناوی "نەخشەی رێگە" پێشکەش کرد. بە پێی تێگەیشتنی نووسەری ئەم دێڕانە، گرینگترین خاڵەکانی ئەم نەخشەرێگەیە دەتوانرێ بەم شێوەیە ریزبەندی بکرێ:

ئەلف) وڵاتی تورکیە، لە راستیدا وڵاتێکی هاوبەش و یەکگرتوویە کە لە تورکیەو کوردستان پێك دێ. دەبێ کوردستان و تورکیە وەك دوو وڵاتی هاوبەش بە فەرمی بناسرێن. ئۆجەلان باس لە چەمکی "دەوڵەتی یەکگرتووی تورکیە" دەکا، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەم واتایە دێ کە سترۆکتۆری یونیتاری تورکیە لە ئارادا نەمێنێ و باکووری کوردستان لە رووی دام ودەزگاکانی حکوومەتی و خۆبەڕێوەبردنەوە بە ئاستێکی یەکسان لەگەڵ نەتەوەی تورك بگا بە چەشنێك تورکیە وەك "ناسنامەی ژوورین" نوێنەرایەتی راستەقینەی دوو نەتەوەی کوردو تورك بکا.

ب) هەموو ئەو ماددانەی قانوونی بنەڕەتیی تورکیە کە دژی دێموکراسی و یەکسانی نێوان نەتەوەکانن بگوڕدرێن و دێموکراتیزە بکرێن. چونکە بە بێ قانوونێکی بنەڕەتیی دێموکراتیك پرسی کورد چارەسەر نابێ.

ج) مافەکانی شارۆمەندی و مافە نەتەوەییەکانی کورد دابین بکرێ. چەمکی هاووڵاتیبوون سەر لە نوێ پێناسە بکرێتەوەو زمانی کوردی ببێتە زمانی پەروەردە لە قوتابخانەکان. بە دەربڕینێکی دیکە کورد هەم وەك تاك و هەم وەك کۆمەڵگەو نەتەوە بە فەرمی بناسرێ و ئەم مەسەلەیەش لە قانوونی بنەڕەتی دا جێگیر بکرێ.

د) کورد لە ئاستی جیهانیدا لە رێگەی نوێنەرایەتی خۆیەوە بتوانی گوزارشت لە هەبوونی کلتووری و نەتەوەیی خۆی بکا.

ر) کوردیش وەکوو تورك پارلمان، ئاڵا، وەرزش، ئابووری، هێزی بەرگری و ئاسایش و پاراستنی خۆی هەبێ.

### پرۆژەی کرانەوەی دێموکراتیکی AKP

بە سەرنجدان بە دە خاڵەکەی پرۆژەی AKP کە لەم دواییانەدا خرانە رووو هەروەها ئاخافتنەکانی بەرپرسە باڵاکانی پارتی دەسەڵاتدار بۆمان دەر دەکەوێ کە ئەگەر پرۆژەی ناوبراو تەنیا هەڵگری ئەو خاڵانە بێ، مافەکانی شارۆمەندی کوردیش بە تەواوی دابین ناکا.

ئەوەندەی لەم پرۆژەیە بۆ رای گشتی خراوەتە روو زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی دانی پێدانانرێ و نابێتە زمانی پەروەردە لە قوتابخانەکان، پێکهاتەی یونیتاری و هەیکەلی سانترالیستی دەوڵەت دەپارێزرێ و دژایەتی لە گەڵ هەر چەشنە ئۆتۆنۆمییەکی هەرێمایەتیی دەکرێ، ناسنامەی نەتەوەیی کورد دانی پێدا نانرێ و لە قانوونی بنەڕەتی تورکیەدا جێگیر ناکرێ و تا هەنووکە باس لە گۆڕینی قانوونی بنەڕەتیی تورکیە (بە رادەیەك کە پێویست بێ) ناکرێ. رەجەب تەیب ئەردوغان لەم بارەوە دەڵێ "من هەر لە سەرەتاوە گوتومە یەك دەوڵەت، یەك نەتەوەو یەك زمان". ئەمانە نیشاندەری ئەوەن تا هەنووکە پلانێکی تۆکمەو کۆنکرێت لە لایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە بۆ چارەسەری راستەقینەی پرسی کورد لە ئارادا نیە.

خاڵەکانی پرۆژەی AKP کە خراونە روو بریتین لە: کۆرسی تایبەتی فێر بوونی زمانی کوردی هەبێ، ناوی کوردی شارەکان و شوێنەکان بگەڕێتەوە، بە پێی یاسای دژە تێرۆر لەگەڵ منداڵان مامەڵە نەکرێ، کاتێك کەسوکاری زیندانیان سەردانیان دەکەن بتوانن بە کوردی قسە لەگەڵ یەکتری بکەن، هەرکەس بتوانی بڵێ من کوردم و بە زمانی کوردیش قسە بکاو...

قەتیس کردنەوەی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی ئەم خاڵانەدا وەك خاپاندن و چەواشە کردنی رای گشتی و چارەسەرێکی رووکەشانە دێتە بەر چاوو ئەوە نیشان دەدا کە تا هەنووکە تەنانەت AKP ش لە پرسی کورد وەك پرسێکی ئەتنی قووڵ ناڕوانێ و بە پێی جەوهەری راستەقینەی پرسەکە مامەڵەی لەگەڵ ناکا.

### ئەنجام

پرسی کورد پرسێکی مێژووییەو چارەسەر کردنیشی پێویستی بە کات هەیە. دەکرێ پرۆژەی AKP و ئەو باس و خواسانەی سەبارت بە چارەسەری پرسی کورد لە ئارادان وەك سەرەتایەك لە قەڵەم بدرێ بۆ هەنگاونان و پێشکەوتنی زیاتر لە قۆناغەکانی داهاتوودا. شیمانە دەکرێ هێزی بزووتنەوەی کورد لە داهاتوودا دەسەڵاتی تورك زیاتر ناچار بە پاشەکشە بکا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی لۆژیکی و واقیعیانەتر لەگەڵ پرسی کورد مامەڵە بکا.

ماوەتەوە بڵێین هەر کاتێك ئەو خاڵانەی لە نەخشەی رێگەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دا هاتوون لە بەرچاو گیران و پراکتیزە کران ئەو پرسی کورد لە باکووری کوردستان تا رادەیەکی شیاو چارەسەر بووە.

> **دەکرێ پرۆژەی AKP و ئەو باس و خواسانەی سەبارت بە چارەسەری پرسی کورد لە ئارادان وەك سەرەتایەك لە قەڵەم بدرێ بۆ هەنگاونان و پێشکەوتنی زیاتر لە قۆناغەکانی داهاتوودا**

## پانۆراما

ئیسماعیل بێشکچی:

### ئەگەر مافی بەکۆمەڵ نەدرێ، پرسی کورد چارەسەر نابێ

ئیسماعیل بێشکچی، رۆژنامەنووس و کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورکیە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی کوردستان دەڵێ سوپای تورکیە لەگەڵ مافی تاکدا کێشەی نیە، بەڵام مافی بەکۆمەڵی قبووڵ نیەو پێی وایە ئەگەر مافی بەکۆمەڵ نەدرێ، پرسی کورد چارەسەر نابێ. واتە پێویستە دان بەو مافانەدا بنرێ کە لە بەکۆمەڵبوونی کوردەوە سەرچاوە دەگرێ.



لە مەڕ ئەوەی پێشتر دەسەڵاتدارانی تورکیە پرۆژەکەی خۆیان وەك "کرانەوەی کوردی" ناودێر کردبوو بەڵام دواتر کردیانە "کرانەوەی دێموکراسی" و تەنانەت وەزیری ناوخۆ لە کۆبوونەوە رۆژنامەوانییەکەی رۆژی ٨/٢٩دا وشەی کوردی بەکار نەهێنا. بێشکچی وتی: لە تورکیە سوپا رۆڵێکی گرینگی لە سیاسەتدا هەیە. سوپا سیاسەت دادەڕێژێت و ئاراستەی بۆ دادەنێت. بۆ نموونە پارلمان و حکوومەت لە بەرامبەر سوپادا کێش و سەنگیان نیە. حکوومەت دەستپێشخەری کردو دەستەواژەی "کرانەوەی کوردی" بەکار هێنا، بەڵام پاش ئەوەی سوپا ناڕەزایی دەربڕی، حکوومەت پاشگەز بۆوەو دەستەواژەیەکی تەم و مژاویی وەك "کرانەوەی دێموکراسی" بەکار هێنا. ئەنجامدانی کرانەوەی کوردی بێ ناو هێنانی وشەی کورد مەحاڵە.

بێشکچی دەڵێ: پرسی کورد تەنیا بە فیدرالی چارەسەر دەبێ و بۆ چارەسەرکردنی پرسی pkkش پێویستە حکوومەت لەگەڵ DTP یا PKK خۆیدا گفتگۆ بکا.

### ئاڵۆزیی نێوان بەغدا و دیمەشق کاریگەریی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەبێ



وتە بێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ فەریاد رەواندوزی رای گەیاند:

بەغدا هەر گرژی و ئاڵۆزییەکی لەگەڵ هەر وڵاتێدا دا هەبێ، کاریگەریی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەبێ چونکە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە وڵاتی عێراق.

ناوبراو وتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و سوریەدا پێوەندی بازرگانی هەیە، ئاڵۆز پێوەندیی بەغدا و دیمەش بێگومان کاریگەریی خراپی بۆ سەر ئەو پێوەندییەی دیمەش و کوردستان دەبێ.

# ٢٨ی گەلاوێژ، دەستپێکی ژینۆسایدی ئاشکرای کورد

مادێح ئەحمەدی

بەشی دووهەم و کۆتایی

٣ـ ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ساڵی ٥٨، ٩کەس لەشاری مەریوان‌و دوو ڕۆژ دواتر، واتە ٥ی خەرمانان ١١ کەسی دیکە لەشاری سنە تیر باران دەکرێن. ئەو ١١کەسە، دوو کەسیان بەتوندی بریندار بوون‌و بڕیاری تیربارانکردنەکەشیان، بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن لەلایەن خاڵخاڵییەوە دەردەچێت.

٤ـ لەرێکەوتی ٥ی خەرمانانندا، خاڵخاڵی بەفڕۆکە شەو دەگاتە شاری سەقزو لەکاتژمێری ٧ی بەرەبەیانی ڕۆژێك دواتر، واتە ٦ی خەرمانان، بەبێ دادگایی کردن بڕیاری تیربارانکردنی ٢٠کەس دەردەکاو هەرلەو کاتەدا جێبەجێ دەکرێ.

٥ـ ڕۆژی هەینی ٩ی خەرمانان "تاڵەقانی" لە نوێژی هەینی دا، وێڕای سووکایەتی کردن بەکەسایەتی‌و ڕێبەرانی سیاسیی کوردستان هێرش دەکاتە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردو لەپێناوی سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستاندا دەڵێ:" هاوڕێ لەگەڵ ئیمام خومەینی بەسواری تانك دەچینە کوردستان".

٦ـ لەرێکەوتی ١١ ی خەرماناندا ١٩کەس لەمامۆستایانی ئایینیی شاری مەهاباد لە نامەیەکدا بۆ خومەینی، داوادەکەن کە شەڕو ڕەشە کوژی کۆتایی پێ بێ‌و کێشەکان لەرێگەی دیالۆگ‌و وتووێژەوە چارەسەر بکرێن. خومەینی لەوڵامدا کە لە٢٣ی هەمان مانگدا لەڕۆژنامەی کەیهان چاپ‌و بڵاو دەبێتەوە، وێڕای سووکایەتی پێکردن بەتوندی هێرش دەکاتە سەر ڕێبەرانی ئایینی و سیاسیی کوردستان‌و ئەڵێ: "ئەم ئیمزا گەلە لەلایەن کۆمەڵێك کەسی گەندەڵەوە تەزویر کراوەو ئەم سەرکردانەش کۆمەڵێك کەسی دۆڕاو و خائینن".

**کورد پێویستە کار لەسەر ئەم لایەنە بکاو بە کۆکردنەوەی بەڵگە و دکیۆمێنتی پەیوەندیدار لە دەرفەتی گونجاودا، سکاڵا دژی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا تۆمار بکا بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە هەوڵی سزادانی خۆڵقێنەرانی ژینۆساید لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدرێ**

**ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی ژینۆساید**

ژینوساید لەراستیدا پێشێلکردنی مافی گشتیی مرۆڤەکانە. هەربەوجۆرەی کوشتنی مرۆڤەکان سەلمێنەری ڕەتکردنەوەی مافی ژیانە، ژینۆسایدیش سووکایەتیکردنە بەنێوی مرۆڤایەتی. ئەم کردەوەیە، کەلتوورو شارستانییەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێشێل کردوە و خوڵقێنەرانی لەبەرامبەر جۆری مرۆڤەوە دادەنێ. (خاڵی شەشەمی یاسای دادگای نورێنبێرگ)

ڕێکەوتننامەی :١٩٤٨

**١) پێناسەی واقیعی ژینۆساید.**

١–١: پێناسەی ژینۆساید: کوشت‌و بڕ بەهەرجۆرو شێوازێك، بریتی لەئیعدام، تیرباران، هێرشی نیزامی‌و کۆکوژی بەکەڵك وەرگرتن لەچەکگەلی باو وناباو.

**٢) ئەو خاڵانای کە وەك ژینۆساید دەناسرێن:**

٢–١: کۆکوژی تاکەکانی کۆمەڵێکی تایبەت

٢–٢: هەوڵ بۆ سڕینەوەی زمان‌و لەناوبردنی کەلتووری نەتەوەیی کۆمەڵێك

٢–٣: گوشارخستنە سەرکۆمەڵێکی تایبەت بەمەبەستی لەناوبردنی

٢–٤: بەرگری لەزاوزێ کۆمەڵێکی تایبەت بەکەڵك وەرگرتن لەئامرازە ناباوەکان

٢–٥: کۆچی زۆرەملێی کۆیەك، بەشێك یا تەواوی ئەو کۆمەڵە تایبەتە

**٣) گرنگایەتی ژینۆساید:**

٣–١: ئامانجی ژینۆساید: لەناوبردنی بەشێك یاتەواوی ئەو کۆمەڵەیە

٣–٢: ڕێژەی قوربانییەکان

٣–٣: نەبوونی جیاوازی لەنێوان قوربانییەکاندا

٣–٤: نەبوونی ئازار لەمردندا

٣–٥: جیاوازیی هێزە نیزامییەکان لە خەڵکی مەدەنی.

**٤) قۆناغەکانی تووش بوون:**

٤–١: هۆکاریەتی ژینۆساید



٤–٢: دارشتنی ژینۆساید

٤–٣: وروژاندنی ئاشکراو نهێنی ژینۆساید

٤–٤: هەوڵ بۆ تووشبوونی ژینۆساید (تەنانەت ئەگەر پراکتیزەش نەبێتەوە) بەهۆی هەڕەشەکردن لەکۆمەڵگای جیهانی.

٤–٥: بەشداریی ڕاشکاوانەو نهێنی لەژینوسایددا.

**٥) مەحکوومبوونی ژینۆساید:**

٥–١: لەرێکەوتی ١٩٥١/٥/٢٨دا دادگای نێونەتەوەیی لەبەیاننامەیك دا ڕادەگەیەنێ: مەبەست لەپەسەندکردنی ئەم بڕیارنامەیە، مەحکوومبوونی ژینۆساید، دادگایی بەرپرسان(خۆلقێنەران)و سزادانیان لەچوارچێوەی یاسا نێونەتەوەییەکاندا.

**٥–٢: لەخاڵی شەشەمی پەیماننامەی ١٩٤٨ یشدا هاتوە: خوڵقێنەرانی ژینۆساید دەبێت لەدادگای نێوخۆییدا دادگایی بکرێن، دادگاییەکە، لەدادگایەکی نێوخۆیی یا لەدادگای جەنایەتکارانی جەنگیدا بەبەشداریی نێو نەتەوەیی بەرێوە دەچێ.**

**دەستپێکی ژینۆسایدی ئاشکرای کورد**

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی یاساییەوە چاو لە بابەتەکە بکەین، دەکرێ ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ وەك دەستپێکی ژینۆسایدی ئاشکرای نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست نیشان بکەین. ئەگەر چی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە کوشت‌و بڕی خەڵکی کورد دەست پێدەکاو لە ئامرازی جۆراوجۆر بۆ قڕکردن‌و سڕینەوەی کورد کەڵك وەردەگیرێت، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی‌و ئاشکرا لە ٢٨ی گەلاوێژدا ناوەرۆکی ڕاستەقینەو دژە کوردی کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ.

**گرنگیی و تایبەتمەندیی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ:**

١ـ فتوای جیهادی خومەینی لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا دژی تەوای خەڵکی کوردستانەو باس لە شاری سنە دەکات کە وەك پایتەختی کوردستانی بندەستی ئێران ناسراوە.

٢ــ ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژە کە خومەینی خاڵخاڵی وەك حاکمی شەرع دەنێرێتە کوردستان‌و کوشت‌و بڕی نایاسایی خەڵك دەست پێدەکات.

٣ــ لە هەمووی گرنگتر ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ خەڵکی کوردستان لە هەموو ناوچەکان یەك دەنگ هاوشان لەگەڵ سەرجەم هێزە کوردییەکان دژی کۆماری ئیسلامی ڕادەوەستن.

بە پێی ئەو پێناسەو پێوەرانەی کە بۆ ژینۆسایدی نەتەوەیەك لەبەر چاو دەگیرێ، دەکرێ ئێمە لەم خانانەدا بیسەلمێنین کە دژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژینۆساید بەڕێوە چووە کە بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەبێ ئەنجامدەران‌و خوڵقێنەرانی سزا بدرێن.

١ــ پاش ئەوەی خومەینی فەرمانی جیهاد دژی خەڵکی کورد دەر دەکا، لە کوشت‌و بڕی خەڵکدا لە شێوازەکانی تیرباررانکردن، کۆکوژی، لە سێدارەدان کەڵك وەرگیراوەو، ئەمەش واتە ئەستاندنی مافی ژیان لە کۆمەڵە مرۆڤێك یا ڕەت کردنەوەی مافی بوون‌و ژیانی نەتەوەیەك.

٢ـ ئەوە هێزانەی کە هێرشیان کردۆتە سەر خەڵك سەربە ڕەگەزێکی دیکە بوون و ئەوانەی کە کەوتوونەتە بەر هێرشەکەوە هەموو کورد بوون. واتە هێزی هێرشبەر و ئەو کۆمەڵەی کە کەوتوونەتە بەر هێرشەکە لە ڕووی ڕەگەزییەوە لێك جیاوازن.

٣ـ ئەوانەی کە کەوتوونەتە بەر ئەم پەلامارەوە بە بێ ئەشکەنجەو هیچ دادگایی و تاوانێك گیانیان لێ ئەستێندراوە. واتە نەبوونی ئازار لە مردندا.

٤ــ دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەست و لەسەرووی هەموویانەوە خومەینی لە ڕێگای سووکایەتی کردن بە ڕێبەرانی کوردو مافەکانی کورد هەوڵی وروژاندنی خەڵك دەدا بۆ ئەوەی بوار بۆ بەڕێوە بردنی هێرشەکە بڕەخسێنێ.

٥ــ ڕێژەی قوربانییەکانی ئەو هێرشانەی کە پاش ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەکرێتە سەر کورد لە ماوەیەکی کورت دا لەهەزار کەس تێپەر دەبێ‌و بە هۆی درێژەکێشانی ئەم پەلامارانە لە ماوەی ١٢ ساڵی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ٥٠ هەزار کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر دەبنە قوربانی‌و مافی ژیانیان لێ ئەستێندرێ.

٦ــ خودی فەرمانی خومەینی وەك ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ هێرش کردنە سەر خەڵکی کوردستان سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم هێرشانە دارێژراوو بە پلان بوو. هەروەها ناردنی خاڵخاڵی وەك حاکمی شەرع بۆ کوردستان، سووتانی نوێنەرایەتیی زۆربەی لایەنە سیاسییەکان لە تاران‌و شارەکان‌و سەپاندنی سانسۆرێکی هەمەلایەنە بۆ ئەوەی پێش بەدەنگدانەوەی هێرشەکە بۆ سەرکوردستان بگیرێ، بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هێرش بۆسەر کوردستان بە پێی بەرنامەیەکی لەپێشدا دارێژراو بووە.

**بە پێی ئەو پێناسەو پێوەرە نێونەتەوەییانەی کە بۆ ژینۆساید ڕچاو کراون، کردەوەو هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچێتە خانەی ژینۆسایدەوە**

**ئاکام:**

بە پێی ئەو پێناسەو پێوەرە نێونەتەوەییانەی کە بۆ ژینۆساید ڕچاو کراون، کردەوەو هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچێتە خانەی ژینۆسایدەوە. ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ کە خۆمەینی بە شێوەیەکی فەرمی بڕیاری هێرشی هەمە لایەنە بۆ سەر کوردستان دەر دەکا، بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئاماژەیان پێکرا دەکرێ وەك دەسپێکی ژینۆسایدی ئاشکرای کورد دەستنیشان بکەین.

لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییە ژینۆساید وەك کردەوەیەکی دژە مرۆیی دێتە ئەژمارو خۆڵقێنەرانیشی دەبێ سزا بدرێن. بۆیە کورد پێویستە کار لەسەر ئەم لایەنە بکاو بە کۆکردنەوەی بەڵگەو دکیۆمێنتی پەیوەندیدار لە دەرفەتی گونجاودا، سکاڵا دژی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا تۆمار بکا بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە هەوڵی سزادانی خۆڵقێنەرانی ژینۆساید لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدرێ.

سەچاوەکان:

١ـ د. مارف عومەر گوڵ، ژینۆسایدی گەلی کورد

٢ـ د. ستار عزیزی، حمایت از اقلیتها در حقوق بین الملل.

٣ـ ڕۆژنامەی کەیهان، "مجلد"ی سێ مانگی هاوینی ساڵی ,١٣٥٨

٤ــ بهزاد حوشحالی، کردستان، روزهای بحران.

# دوای بیستو یەك ساڵ لە جینایەتی هاوینی ٦٧، جینایەتەکانی ڕێژیم بەردەوامن

مەسعوود ڕەواندوست

بیستو یەك ساڵ لەمەوبەر و دوای هەشت ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەرو بێئاکام کە بە شکستی ڕێژیمی ئاخوندی و خواردنەوەی جامی ژەهر لە لایەن خومەینی و مل ڕاکێشان بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش کۆتایی پێهات، ڕێژیمی جینایەتکار و دژەگەلیی کۆماری ئیسلامی دەستیدایە بەڕێوەبردنی یەکێك لە قێزەوەنترین جینایەتەکانی مێژوو لە دژی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی وڵات و، بێ ڕەحمانەترین کۆمەڵکوژیی لە زیندانەکانی ئێراندا وەڕێخست.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە بچووکترین باوەڕی بە ئازادی و مافی مرۆڤ و بەها ئینسانییەکان نەبووە، بەدوای هاتنە سەرکاریدا دەستی کرد بە سەرکوت و کوشتنی جیابیران و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کەشوهەوایەکی تۆقێنەرو سەرکوتکەرانەی بەسەر ئێراندا زاڵ کردو هەموو دەستەو گرووپ و تاکە جیابیرەکانی خستە پەراوێزەوە. ڕێژیم باش دەیزانی سەپاندنی ئەو کەشوهەوایە بەسەر خەڵکێکدا کە بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و سەرەڕۆیی ڕێژیمی پاشایەتی ڕاپەڕیبوون و ئەو ڕێژیمەیان وەلانابوو کارێکی ئاسان نیە، هەر بۆیە خومەینی شەڕ لەگەڵ عێراقی بە نێعمەتی خوایی زانی کە لە سایەی ئەو شەڕەو دۆخی نیزامیی وڵاتدا دەکرا درێژە بە سەرکوتی جیابیران بدەن و ویستو داخوازە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بۆ ژیانێکی ئازادو شەرافەتمەندانە سەرکوت بکەن.

لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕدا کە کوژران و کەم ئەندام بوونی سەدان هەزار ئێرانی و وێرانی و بەفیڕۆدانی بەشێکی زۆر لە سەرمایەکانی وڵاتی لێکەوتەوە، هەر دەنگێکی جیاوازیان بە توندی سەرکوت کردو هەموو داواو هاوارەکانیان بۆ ئازادی و دیموکراسی لە گەروودا دەخنکاندو کەشوهەوای پۆلیسی و تۆقێنەری دیکتاتۆریی ئیسلامییان بەسەر ئێراندا زاڵ کرد. بەڵام کاتێك دوای هەشت ساڵ شەڕ، ڕێژیم توانای خۆڕاگری و درێژەدان بە شەڕی نەما، خومەینی جامی ژەهری خواردەوەو شەڕ کۆتایی پێهات، ئیتر چیدی نەیاندەتوانی بە بیانووی شەڕ داواکان بێوەڵام بێڵنەوەو ڕای گشتی بەلاڕێدا بەرن. دەبوایە وەڵامی ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵك بدەنەوە و بەڵێنەکانی حکومەتی ئیسلامی بێننەدی. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ڕێژیم نە توانای وەدیهێنانی ئەو ویست و داخوازییانەی خەڵکی هەبوو و، نە باوەڕی بەو ویست و داوایانە بوو کە بریتی بوون لە ئازادی و کەرامەتی ئینسانی و ژیان و بارودۆخی ئابووریی باش.

کەوابوو تەنیا چارە بۆ ڕێگەگرتن لە پەرەسەندنی ویست و داخوازەکانی خەڵك و ئازادیخوازان و خەباتکاران و بەربەست کردنی ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران، تۆقاندن و چاوترسێن کردنی جیابیران و کۆمەڵانی خەڵك بوو. بۆ ئەو مەبەستە خومەینی فتوای ئێعدامی زیندانییە سیاسییەکانی لە سەرانسەری ئێران دەرکردو بڕیاری دا ئەو فتوایە بێ بەزەییانەو زۆرو بەپەلە بەڕێوەبچێ. هەر بۆیە زۆر خێرا هەیئەتی مەرگ دامەزرا و لە سەرەتاکانی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاوییەوە دەستیان کرد بە ئێعدامی زیندانییەکان و نەك ئەوانەی حوکمی ئێعدامیان درابوو، بەڵکوو ئەوانەی حوکمی جیا لە ئێعدامیان هەبووو بەشێك لە ماوەی زیندانەکەشیان کێشابووو تەنانەت زۆر کەسیش کە هەر دادگایی نەکرابوون لە بەناو دادگاییەکی سەرپێیی و چەند خولەکیداو تەنیا بە چەند پرسیارێك و بەگوێرەی وەڵامی ئەرێ یان نا بەو پرسیارانە، حوکمی ناعادڵانەی ئێعدامیان بەسەردا سەپاو لە ماوەی چەندمانگدا زیاتر لە چوارهەزار کەسیان لە لاوان و ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە لەسێدارە داو بە شێوەیەکی زۆر بەپەلەو سەرلێشێواوانە لە گوڵزاری خاوەران و چەند شوێنی دیکە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا ژێر خاکیان کردن و شاردیاننەوە.

ئەو جینایەتە سامناکەی ڕێژیمی ئیسلامی کە بە فتوای دامەزرێنەری نیزام و بۆ لەنێوبردنی بەناو کافران و بۆ ڕەزای خوا! بەڕێوەچووو بوو بە پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانییەوە، بۆ ئەوە بوو کە بە خەیاڵی خۆیان خەڵکی ئێران و جیابیران و نارازییان چاوترسێن بکەن و ڕێگە لە سەرهەڵدانی دەنگی ناڕەزایەتی لەدژی ڕێژیمی جینایەت و کوشتار بگرن. ڕێژیم دەیهەویست بە نەهێشتن و کوشتاری بە کۆمەڵی دژبەران وێڕای چاوترسێن کردنی خەڵکی ئێران، بە خەیاڵی خۆی نەوەی نارازی و دژبەر لەنێوبەرێ و نەوەی دوایی لە سایەی تۆقاندن و سەرکوت و هەروەها پەروەردەی بەناو ئیسلامیی خۆی نەوەیەکی گوێ لەمست و دەستەمۆ ڕابێنێ. بەڵام لە سایەی وشیاریی گەلانی ئێران و خۆڕاگری و بەردەوامیی شۆڕشگێڕان و خەباتکارانی

گۆڕەپانی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی کە لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە جگە لەو جینایەتە دەیان جینایەتی وەك قەتڵە زنجیرەییەکان و سەرکوتی ١٨ی پووشپەڕی ٧٨ و تیرۆری سەدان جیابیرو ئازادیخواز لە نێوخۆو دەرەوەی ئێرانی لە کارنامەی ڕەشی خۆیدا تۆمارکردوە، نە ئەو جینایەتە و نە جینایەتەکانی دیکەش نەیانتوانی ئاگری بەربەرەکانی لەگەڵ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ئاخوندەکان دابمرکێنن. دەبینین لاوانی ئێران ئەمڕۆ نەك نەبوونەتە ئەو نەوە دەستەمۆ و گوێلەمستەی کە ڕێژیم دەیهەویست بەڵکوو زۆر وشیارو ئازاو چاونەترسانە لە هەموو بوارەکاندا ڕێژیمیان تووشی قەیران کردوەو بە خۆڕاگری و خەبات تەنگیان بە ڕێژیم هەڵچنیوە.

ئەمڕۆ دوای بیست و یەك ساڵ لە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا، لە کاتێکدا یادی ئەو جینایەتە سامناکە دەکەینەوە کە ڕێژیم لەگەڵ گەورەترین قەیرانی تەمەنی خۆی بەرەوڕوو بۆتەوەو شەرعییەتی ڕێژیم نەك هەر لە نێوخۆی ئێران بەڵکوو لە سەراسەری دنیادا چۆتە ژێر پرسیار. ئەمساڵ کاتێك خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ٣٠ ساڵ سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆك کۆمارییان کرد بە مەیدانێك بۆ "نا" گوتنێکی دیکە بە ڕێژیم و بە دەنگ نەدان بە پاڵێوراوی دڵخوازی ڕێبەری ڕێژیم، ویستیان دەرفەتێك بۆ هاتنەدیی کەمترین ڕادەی داخوازەکانیان دەستەبەر بکەن، لەگەڵ کودیتای پاوانخوازان بەرەوڕوو بوونەوە. دەنگەکانیان بە قازانجی پاڵێوراوی گوێ لەمستی (وەلیی فەقیه) دەستی بەسەرداگیراو کاتێك خەڵك بۆ وەرگرتنەوەی دەنگەکانیان لە حەرەکەتێکی جەماوەریی کەم وێنەدا هاتنە سەر شەقامەکان، لە لایەن جەللادان و گۆپاڵ بەدەستانی بەکرێگیراوی باندی کودیتاوە بە توندترین شێوە سەرکوت کران و شەقامەکان بە خوێنی لاوانی وڵات سوور کران و زیندانەکان لە کیژان و کوڕانی ئازادیخوازی وڵات ئاخنران و جیابیران و نارازییان کەوتنە ژێر بێڕەحمانەترین ئازارو ئەشکەنجەکان و دەیان کەس لە زیندانەکاندا و لە ژێر ئەشکەنجە گیانیان لێ ئەستێندرا.

ئەمڕۆ دوای بیستو یەك ساڵ لە جینایەتی هاوینی ٦٧ی ڕێژیم دەرهەق بە زیندانییە سیاسییەکان، دەبینین دیسان ئەو ڕووداوانە دووپات دەبنەوە و ڕێژیم بۆ خۆ ڕزگارکردن لە لافاوی ڕق و بێزاریی گەلانی ئێران کە خەریکە بەردی بناغەی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە بن دەردێنێ، ڕۆڵەکانی وڵات لە زیندانەکاندا و لەژێر دڕندانەترین ئەشکەنجە و دەستدرێژییەکاندا دەکوژێ و بە بێ دەنگی و بەدوور لە چاوی ئازیزانیان لە گۆڕە بێ ناوو نیشانەکاندا دەیاننێژێ. ئەمڕۆ دەبینین کە ڕێژیم بە وەڕێخستنی شانۆی دادگایی کردنی بە کۆمەڵی گیراوانی ناڕەزاتییەکانی ئەم دواییانەو لە دوای ئاشکرابوونی یەك لە دوای یەکی جینایەتەکانی لە زیندانەکاندا لە دژی لاوانی ئەم وڵاتە، هەوڵ دەدا خۆ لەو گێژاوە ڕزگار بکا کە لە ئاکامی ٣٠ ساڵ جینایەت و سەرکوت تووشی بووە.

شانۆی دادگایی کردنی بە کۆمەڵی نارازییان و، کوشتاری زیندانییەکان لە زیندانەکاندا و بەخاکسپاردنیان بە نهێنی و دوور لە چاوی کەس و کاریان، جارێکی دیکە دیمەنی کۆمەڵکوژیی هاوینی ٦٧ و دادگاییە چەند خولەکییەکان و ئێعدام و ناشتن لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا دێنێتەوە بەرچاو و بیری هەموو لایەك. ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا لە ئارادایە هاوکات دوو ڕاستیی تاڵ و شیرینمان بۆ دووپات دەکاتەوە. یەکەم، ئەوەکە ڕێژیمی ئیسلامی کە هەموو لاپەڕەکانی تەمەنی پڕن لە جینایەت و کوشتار لەدژی خەڵکی ئێران، لە سەر ڕشتنی خوێنی لاوانی ئەم وڵاتە هەروا سووره و بە کەڵك وەرگرتن لە سەروەت و سامانی ئێران بەڵایەکی بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتە هێناوە کە هیچ دوژمنێکی دەرەکی بەسەری نەهێناوە. دووییەم، ئەوەکە بە هەر ڕادەیەك ڕێژیم لە جینایەت و کوشتار لەدژی خەڵکی ئێران ڕژدتر دەبێ، خەڵکی ئێران لە سەر خەبات و خۆڕاگری بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە دژی گەلییە سوورتر دەبن و هیچکام لە جینایەت و سەرکوتەکانی ڕێژیمی ئیسلامی نەیتوانیوە بڵێسەی ئاگری خەبات و خۆڕاگری بۆ هەمیشە دابمرکێنێ و ئازادیخوازانی وڵات لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندیدا بەچۆك دابێنێ.





شانۆی دادگایی کردنی بە کۆمەڵی نارازییان و، کوشتاری زیندانییەکان لە زیندانەکاندا و بەخاکسپاردنیان بە نهێنی و دوور لە چاوی کەس و کاریان، جارێکی دیکە دیمەنی کۆمەڵکوژیی هاوینی ٦٧ و دادگاییە چەند خولەکییەکان و ئێعدام و ناشتن لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا دێنێتەوە بەرچاوو بیری هەموو لایەك

# چارەسەری ئەوانەی دەستدرێژییان کراوەتە سەر

## (وتووێژێک لەگەڵ پرۆفیسۆر نوسرەت پزیشکیان)

و: کوێستان فتووحی

**پرۆفیسۆر نوسرەت پزیشکیان، پزیشکی دەروونیی بەناوبانگی دانیشتووی ئاڵمان و بناغەدانەری شێوەی (روان درمانی)ی پۆزەتیڤە. ناوبراو کە ئاشنا بە فەرهەنگی رۆژهەڵات و رۆژئاوایە، نەتەنیا دوکتورێکی لێهاتووی دەروونییە، بەڵکوو ئەدیبێکی بیرمەندە کە کەڵکی لە ئەدەب و فەرهەنگ بۆ (روان درمانی) وەرگرتوە.**

**لەپێوەندی لەگەڵ دەستدرێژییە جینسییە بەربڵاوەکان لە زیندانەکانی ئێرانداو رێگەکانی چارەسەری ئەو کەسانەی دەستدرێژییان کراوەتە سەر، نووشین شارۆخی لەگەڵ ناوبراو وتووێژێکی کردوە کە ئەمە وەرگێڕدراوەکەیەتی:**



**رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە مانگەکانی رابردوودا ئاشکراتر لە هەر دەورانێك دەستی کرد بە سەرکوتی نەیارانی خۆی. یەکێك لە شێوەکانی سەرکوتی زیندانیان لە لایەن زیندانەوانەکان، دەستدرێژیی جینسییە، تاکوو زیاتر زیندانی تێك بشکێنن. روانگەی ئێوە لەسەر ئەم بابەتە چۆنە؟**

بۆ لاواز و زەلیل کردنی نەیار نەتەنیا لە ئێران، بەڵکوو لە زۆربەی شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیا لەم شێوە شکەنجەیە کەڵك وەردەگرن.

لە قامووس (فەرهەنگ)ی فیشێردا هاتوە کە لە ٢٧٨ شوێنی جیهان خەڵك لە ژێر فشارو زیان و دەستدرێژی دان. کەسێك کە دەستدرێژی دەکاتەسەر دوژمن ، وەك چەك لە ئالەتی نێرینەی خۆی کەڵك وەردەگرێ. بەم جۆرە دەیەوێ زیاتر ئازار بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێ، بەڵام لەوە تێناگا کە بۆخۆشی تووشی چ ئازارێکی دەروونی دەبێ. ئەو کەسە ئیتر لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆشی ناتوانێ پێوەندییەکی باشی هەبێ. یانی ویژدانی ئەو، وێران دەبێ. زۆربەی ئەوانە چارەسەری زۆر قووڵیان پێویستە، چونکە لەگەڵ نارەحەتیی ویژدان رووبەروو دەبنەوە.

من دووساڵ لە ئەمریکاو ئاڵمان لە نێو زیندانەکاندا کارم کردوە. لەوێ بۆم روون بۆوە کە ئەوانە لەو کردەوەیان پەشیمانن، بەڵام ئاکامێکیان وەرنەگرتوەو دەوروبەریش یارمەتیی نەداون. ناتەبایی گەورە لەنێوان دەروون و دەرەوەیان دا سەرهەڵدەدا. دپرسیو و ئەگرسیو (خەمۆك و توورە) دەبن. زۆر کەم دەتوانرێ ئەو کەسانە چارەسەر بکرێن. لە بەرامبەردا ئەو کەسانەی دەستدرێژییان کراوەتەسەر زووتر چارەسەرو دەرمان دەکرێن.

ئێمە بە گێڕانەوەی چیرۆك، دەستدرێژیکەران فێر دەکەین کە لە مەوقعییەتی خۆیان بە ئەرێنی کەڵك وەربگرن و هەڵەکانی رابردوو چارەسەر بکەن. خەڵکی وەحشی ناکرێ هەروا بەرەڵڵا بکرێن، بەڵکوو پێویستیان بە پەروەردەی دروست هەیە، بەم هۆیەشەوەکە پەروەردەکە دروست نیە، پێویستیان بە دەروون دەرمانی و راوێژکاری هەیە تاکوو فێر بن کە:

بنی آدم اعضای یکدیگرند/ کە در آفرینش ز یك گوهرند (مرۆڤ گشتی سەروگوێی پەیکەرێکن لە خوڵقانا لە مایەو گەوهەرێکن)

ئەوانە یان لە دەورانی منداڵی دا دەستدرێژییان کراوەتە سەر، یان لێیان دراوەو جنێویان پێدراوە، یان لەگەڵ باوکیان پێوەندییەکی نزیکی باوك - منداڵیان نەبووە. دیارە دەبێ بزانین لە وڵاتێکدا کە نەزم و قانوون و دێموکراسی نەبوو، ئەو کەسانە کە بە دەسەڵات دەگەن، بە گوێرەی سەرمەشقەکانی ژیانی خۆیان، هەستەکانیان تێکەڵ بە زۆرداری و فشار دەکەن و ، کەڵکی جینسی و ماددی لە خەڵك وەردەگرن بەبێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە.

**دەستدرێژی چ لە جەستەو روحی ئەو تاکە دەکا؟**

فێردەوسی دەڵێ: چو شادی بکاهد، بکاهد روان / خرد گردد اندر میان ناتوان (شادی نەمێنێ رۆح دادەبەزێ / ئیتر نامێنێ ئەقڵ و ئاوەزێ)

ئەو کەسانە ئیتر شادو گەش نین، بەڵکوو غەمبارن و ئەو غەمەش لە چوار بەشی مرۆڤدا کاریگەریی هەیە.

لەشی مرۆڤ کە تووشی بێخەوی و ژانەسەرو حەساسییەتی جۆراوجۆر دەبێ؛ کەسەکە ئۆگری بەکارو شوغڵی خۆی نامێنێ؛ بیرو زەینی لاواز دەبێ؛ پێوەندیی کۆمەڵایەتی خراپ دەبێ ؛ دەشێوێ و هیچ هیوایەکی بە داهاتووی نزیك و دووری نابێ.

**ئەوەی کە زۆربەی قوربانیانی دەستدرێژی ئەوە دەشارنەوە، چۆن دەکرێ بزانرێ کە کەسی زیندانی ، دەستدرێژیی کراوەتە سەر؟**

بۆ لێکۆڵینەوەی باشتری ئەو مەسەلەیە، باس لە چوار گرووپ دەکەین. یەکەم کەسانێك کە هەموو کات بیری لێدەکەنەوە. بەجۆرێك کە هەمیشە حاڵەتی توورە بوونیان هەیە. دوویەم کەسانێکن کە لەم بارەیەوە قسە ناکەن و سەرپۆش بەسەر هەمووشتێك دا دەدەن و لە دەروون دا دەیشارنەوە. ئەوانە زۆرتر تووشی ترس دەبن. سێیەم کەسانێکن مەسەلەکە دێننەبەرباس بەڵام ئامادە نین چارەسەری بکەن، بۆیە تووشی دپرسیون (خەمۆکی) دەبن. دەستەی چوارەم کەسانێکن کە ئامادەی چارەسەری ئەو سەرکوت و زۆردارییە لە تەواوی جیهاندا هەن، ئەوانە نە تەنیا بەخۆیان بەڵکوو خزمەت بە خەڵکی دیکەش دەکەن.

**ئازاری روحیی دەستدرێژی، چۆن دەرمان دەکرێ؟**

لە پێشدا دەبێ لەپەنایاندا دابنیشی، تەنانەت ئەگەر توانای قسەکردنیشیان نەبێ، چەند ساتێك دەست بنێیە نێو دەستیان و چاو لە چاویان بکەی. نابێ خێرا زانیارییان لێ وەرگیرێ. بە گێڕانەوەی نوکتەی خۆش و چیرۆك دەبێ لە هەل کەڵك وەربگیرێ، بۆ وەقسە هێنان.

حال درماندگان کسی داند / کە در احوال خویش درماند.(هەر دەردەدار دەزانێ دەردەدار چ دەچێژێ)

دەبێ پێی بگوترێ ئەو ئازارو نارەحەتییەی تۆ دیوتە دەزانم زۆر سەختە. بەڵام تۆ وشیارتر بوویەتەوەو وەزعی خۆت باشتر هەست پێدەکەی. دەرگای خەیاڵات بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەوانە بتوانن قسە بکەن. ئەوانە پێویستیان بە کەسێکە کە بڕوایان پێبکەن و قسەی ئەوان نەباتە دەرەوەو بەخەڵکی دیکەی نەڵێ، خێرا نابێ بڵێی ئەو کارە بکەو ئەو کارە مەکە و بچۆ بۆ لای ئەو و..

**ئایا ژیانی جینسی - خۆشەویستیی تاکی قوربانیی دەستدرێژی، هەموو کات دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوکاتەی دەستدرێژی کراوەتە سەری؟.**

ئەو کەسانە بەرە بەرە دەگەڕێنەوە سەر حاڵەتی ئاسایی. گرنگ ئەوەیە کات و وزەی خۆیان بۆ وەرزش، خواردنی باش، دەرمانی پێویست، کاری جێی عەلاقەی خۆیان تەرخان بکەن و لەهەمان کاتیشدا زوو پێوەندیی کۆمەڵایەتیی خۆیان گەورەو بەربڵاو نەکەنەوە.

**چ جیاوازییەك لە نێوان ژنان و پیاوانی قوربانیی دەستدرێژی دا هەیە؟**

ژنان زۆرتر لە پێوەندییە سۆزدارییەکاندا نارەحەتییان بۆ دروست دەبێ و تووشی ترس و خۆف و خەمۆکی و نارەحەتیی چاو دەبن. پیاوان زیاتر تووڕە دەبن و تێکەڵاو بە کاری زۆرو وەرزش دەبن و تووشی برینی گەدەو ریخۆڵە دێن.

**دەوری بنەماڵەو دەوروبەر چۆن دەبینن؟**

سەرەتا دەبێ کەسێکی بنەماڵە قسەی لەگەڵ بکرێ، نابێ پوورو خاڵ و مام کۆ بکەینەوە. دەکرێ دوای سێ چوار جار کۆبوونەوە مەسەلەکە لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی بنەماڵە باس بکرێ تاکوو کەسی قوربانی ببینێ کە ئەوانی دیکەش گوێ بۆ قسەکانی رادەگرن و وەك تاکیکی خراپ چاوی لێناکەن.

**چۆن دەبێ هەڵسوکەوت لەگەل کەسێك بکرێ کە نایەوێ یارمەتی لە پزیشکی دەروونی وەربگرێ؟**

دەبێ کەسێکی بڕواپێکراو لەسەر بابەتی قوربانی کاربکا. واتە بە شێعر، چیرۆك، خوێندنەوەی کتێبی باش، وەرزش بە تایبەت مەلە، گۆرانی گوتن، ٢ تا ٣ جار حەمام کردن (دوش گرتن) لە رۆژدا، خوێندنەوەی شێعری منداڵان، موزیك و هەناسە هەڵکێشانی قووڵ. دەکرێ بەم شێوەیە یارمەتی قوربانی بکرێ. قوربانی فێر دەبێ نامەیەك بۆ نارەحەتییەکەی، بنووسێ. نامەیەك بۆ خەمۆکی، یەك بۆ ترس، یەکێکی دیکە بۆ ئەو تووڕەییە کە چۆن خۆی نیشان دەدا یان ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەو قسەیان کردوە و یارمەتی لێیان وەرگرتوە.

**ئەگەر ئەو کەسە زۆر لەنێو خۆیدا بوو و هەموو کات حەزی لە تەنیایی بوو، بنەماڵەکەی دەبێ چ بکا؟**

نابێ بگوترێ وەرە بابڕۆین بۆ میوانی یان میوان بانگهێشت دەکەم. دەبێ بگوترێ کارێکی باش دەکەی کە دەتەوێ تەنیا بی دەبێ ئەو حاڵەتەی ئەو کەسە لایەنی باشی پێ بدرێ. واتە بە موسبەت بیبینین.

ئەو مەسەلەی دەروونیی خۆی چارەسەر دەکا. ئەو کەسانەی خێرا دەچنە نێو کۆمەڵ و دایمە لە میوانی و سەفەرن، بە جۆرێك دەیانەوێ لە چارەسەری مەسەلەکە رابکەن.

**لە کۆتاییدا چ پێشنیارێکتان هەیە؟**

دایکان دەبێ فێربن نەك هەر شیر و خواردنی گەرم، بەڵکوو پەروەردەی مرۆیی و جیسمی و رۆحییش بدەن بە منداڵەکانیان (هەموو مرۆڤەکان وەك یەك هێندێك شتیان هەیە، بەڵام شتی واش هەیە کە دەبێ فێر بکرێن پێیان بدرێ). مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە هەر دەڵێین دینی ئێمە باشترە لە فلان دین، پێغەمبەری ئێمە باشترە چونکە دواپێغەمبەرە. منداڵی ماڵی دراوسێمان بە بەچکە جوولەکە، بەچکە هەرمەنی و بەهایی ناو دەبەین. واتە لەگەڵ شیری دایك دا، شتی خراپ دەرخواردی منداڵانمان دەدەین و بەم جۆرە فێری ئەوەیان دەکەین لە داهاتوودا ئەو کارە دزێوانە بکەن. لەوانەیە کەسێك بەم جۆرە پەروەردەیە ببێتە پرۆفیسۆریش. بەڵام لە باری عاتیفیییەوە لە منداڵێکی پێنج ساڵانە دەچێ.

ئێمە لە سەردەمێکی گەورەدا هاتووینەتە دنیا کە رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەبێ باوەش بۆ یەکتر بکەنەوەو هاوکاریی یەکتر بکەن، فێری شتی نوێ بن، رێز لە ماف و دینی کەسانی دیکە بگرن. نەك وەك ئێران کە وڵاتێکی شیعەیە، بەڵام مزگەوتێکی سوننی لێ نیە. یا تورکیە کە مافی کوردەکان پێشێل دەکا.

من لە منداڵییەوە لە نێو ٨ ئایین دا گەورە بووم کە کاریگەریی زۆریان لەسەر من بووە. هەمووانیان شتی وەك یەکیان تێدایە و وەك یەکن و، هەر دینێکیش بۆ ماوەیەك باو بووە. دینێك ناتوانێ بۆ هەمیشە لە لوتکە دابێ، بەڵکوو بە گوێرەی کۆمەڵ و سەردەم دەگۆڕێ و دەخەملێ. دینەکانیش چوار وەرزیان هەیە کە پاش زستان دەبێ دووبارە نوێ ببنەوە.

دین ئەگەر نەبێتە هۆی وێکهەڵکردن، هاوکاری، دۆستایەتی و خۆشەویستی، نەبوونی باشترە.

سەرچاوە:
ماڵپەڕی "اخبار روز"

komelayeti@hotmail.com

# سۆرنە

# بێ بایەخیی گیانی مرۆڤی کورد!

عەلی بداغی

لە ماوەی ١٠ رۆژی رابردوودا لانیکەم ئەوەندەی سەرچاوەکانی گەیاندنی هەواڵ بڵاویان کردۆتەوە ٨ کەسی دیکە لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین و سێ کەسیان گیانیان لە دەست داوەو پێنجیشیان کەمئەندام و نقوستان بوون.

باسی تەقینەوەی مین لە کوردستان و پانتایی خەسارو زیانەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی قوربانییان و هەر لە بنەڕەت دا کێشەی هەبوونی زیاتر لە ١٦ میلیۆن مین لە نێو زەوی و زارو مووچەو مەزراو شاخ و کێوەکانی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بابەتێکی تازەورووژاو نیەو هەواڵەکانی تەقینەوەی مین و زیان و دەرنجامەکانی پووچەڵ نەکرانەوەی مینەکانی کوردستان گەلێ جار لە راگەیەنە گشتییەکاندا باسیان لێ کراوە، بەڵام کاروکارنامەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە کردەییەکانی لەهەمبەر ئەو کێشە گەورەو پڕ مەترسی و زیانبارە جێی تێڕامان و راڤە کردنە.

شەڕی ٨ ساڵەی عێراق و ئێران و خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەکارهێنانی هەموو چەکێك لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ تێکشکاندنی ئەو بزووتنەوەیەو بەچۆکداهێنانی ئیرادەی مافخوازانەی گەلی کورد بۆتە هۆی ئەوەی ئێستاکە ١٦ میلیۆن مینی پووچەڵ نەکراوە لە کوردستان و ناوچە سنوورییەکانی رۆژئاوای ئێران لە نێو دڵی زەوی دا چاوەڕوانی پێ لەسەر دانانێك و تەقینەوە بن.

کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق و ئێران و کۆکردنەوەی مۆڵگەو پێگە نیزامییەکانی دەوروبەر بە مین تەنراوی رێژیم لە کوردستان چاوەڕوانیی دەسپێکی هەڵمەتی کۆکردنەوەو پووچەڵکردنەوەی ئەو هەمووە مینەی لەلای کۆمەڵانی خەڵك دروست کردبوو چونکی هەم پێویست بوو لە خەسارو زیانە گیانییەکانی تەقینەوەی مین رزگاریان بێ و هەمیسان لە رووی ئابووریشەوە ئەو نیزیك بە سێ میلیۆن هێکتار زەوی‌و زارو مووچەو مەزراو کێڵگەکان بە خاوێن بوونەوەیان لە ئاسەواری مینە چێنراوەکان ببنە پشتیوانییەکی ئابووری بۆ خاوەنانی ئەو زەوی و زارانە.

بەڵام لە بواری عەمەلی داو دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە کۆتایی هاتنی شەڕو سەرەڕای هەموو دەوڵەمەندی و داهاتی زۆری ئێران عەمەلیاتی پاکسازی و پووچەڵ کردنەوەی مینە چێنراوەکان لە کوردستان زۆر بە هێمنی چۆتە پێش و پانتایی زیان و خەسارە ماددی و گیانییەکان، فشاری چالاکانی مافی مرۆڤ و هەوڵی نوێنەرانی شارە کوردستانییەکان لە مەجلیسی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نەیتوانیوە هیچ خێراییەکی بەرچاو لە پێناو کۆکردنەوەو پووچەڵکردنەوەی مینەکان لە کوردستاندا ببەخشێ.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی تێچووی زۆری ماددی، ژمارەی زۆری مینەکان و سروشتی شاخاوی و رژدی ناوچە مینرێژکراوەکان وەك بیانوویەك بۆ لەسەرەخۆ بوونی هەڵمەتی پاکژ کردنەوەی ناوچە بە مین تەنراوەکان دێنێتەوەو دەڵێ ئەم پرۆسەیە تا ٤٠ ساڵی داهاتوو دەخایەنێ، واتە تا ٤٠ ساڵی دیکەش دەبێ خەڵکی ناوچە سنوورییەکان هەموو کات و ساتێك لە دڵەراوێکی تەقینەوەی مین لە ژێر پێیان و کوژران و نقوستان بوونی خزم و کەسوکاریان و بەرهەڵداهێشتنەوەی مووچەو مەزراو کێڵگە بە مین چێنراوەکانیان بن.

بەڵام ئەوە لە راستیدا تەنیا دەرخەری راستیەکە کە گیانی مرۆڤی کوردو منداڵ و خەڵکی سڤیل و مەدەنیی کورد کە قوربانییانی سەرەکیی تەقینەوەی مینەکانن لە روانگەی رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە پوولێکی رەش ناهێنێ. چونکی سەرەڕای ئەم واقیعە تاڵە "حەمیدرەزا ئیرشادمەنیش" بریکاری وەزیری بەرگری و پایەبەرزترین بەرپرسی حکوومەتی لە ناوەندی پاکژ کردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکان ماوەیەك لەوەپێش رایگەیاند کە لەلایەن ئەوانەوە کاری پاکژ کردنەوەی ناوچە مینرێژ کراوەکانی دوو پارێزگای سنە و ورمێ کۆتایی پێهاتوە ئەوەش لە جێی خۆی کە رێژیم کەمترین کارو پرۆژەی بۆ فێرکردن و وریا کردنەوەی ئەو کەسانە بە جێ گەیاندوە کە لە ناوچە مەترسیدارەکاندا دەژین. جگە لەوانەش ئاغای ئیرشادمەنیش نەیفەرمووە کە دوای ٢٠ ساڵ کاری بە قەولی خۆیان پاکسازیی ناوچە مینرێژکراوەکانی ئەو دوو پارێزگایە کوردستان چەند مینیان لە هەموو کورستان کۆکردۆتەوە یان پووچەڵیان کردۆتەوە. بێگومان ئەو بەرپرسەی رێژیم قەت ناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. چونکی بێگومان ژمارەی کوژراوو بریندارانی رووداوەکانی تەقینەوەی مین لەم ساڵانەدا زۆر لە ئاماری کاری ئەو ناوەندەی پاکژکردنەوەیە زیاترە کە ئێستا پێی وایە ئەو دوو پارێزگایەی کوردستان مینیان تێدا نەماوە.

یەکێکی دیکە لە کێشە بەرچاوەکانی ئەو بابەتە بەردەوامی لە ژیان و پرسی دەرمان و دابینکردنی کۆمەڵایەتیی ئەو قوربانییانەیە کە بەهۆی تەقینەوەی مین لە مردن رزگاریان بووە، بەڵام نقوستان و کەمئەندام کەوتوونەوە. وەزارەتی بەرگریی ئێران لە ئامارێکی فەرمی دا ژمارەی کوژراوانی تەقینەوەی مین لە رۆژئاوای ئێران لە ماوەی دوای شەڕی ٨ ساڵەی ئێران عێراق بە ٢٠ هەزار و ژمارەی برینداروو نقوستانەکانیش بە سێ ئەوەندەی ژمارەی کوژراوەکان دادەنێ بەڵام تا ئێستا هیچ قانوونێك بۆ داکۆکی کردن لە بنەماڵەی کوژراوەکان و قوربانییانی تەقینەوەی مین لە پارلمانی ئێراندا پەسند نەکراوەو هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هیچ دەزگایەکی حکوومەتی و هیچ دامەزراوەو ئیدارەیەك خۆی لە حاندی خەسارو زیانەکانی دەرەنجامی تەقینەوەی مین لە کوردستاندا بە بەرپرسیار نەزانێ. لە حاڵێکدا پێویستە کە ئەو کەسانە هەموو وەك قوربانییانی شەڕ چاویان لێ بکرێ و ژیانی بنەماڵەی قوربانییانی تەقینەوەی مین لەلایەن حکوومەتەوە، دابین بکرێ و لە رووی دابین کردنی کۆمەڵایەتییەوە، پشتیوانی و داکۆکییان لێبکرێ.

نوێنەرانی شارو ناوچە کوردستانییەکانیش لە مەجلیس دا کەمتەرخەمی و کەم کارییان لەم بارەیەوە زۆرو بەرچاوە. دارشتنی قانوون و گەڵاڵەیەك بۆ پشتیوانی کردن و پاراستنی مافی قوربانیانی دەرەنجامەکانی تەقینەوەی مین و بە پەسند گەیاندنی لە مەجلیس دا لانیکەمی ئەو ئەرك و بەرپرسیارەتییە کە دەبوا تا ئێستا رایان پەڕاندباو فشاری خۆیان بۆ خێرا کردنی هەوڵەکانی پاکژ کردنەوەی ناوچە مینرێژ کراوەکانی کوردستان بۆسەر بەرپرسانی حکوومەتی زۆر کردبا.



# زایەڵە

دەمێ راوەستە ئەی سروە
هەدادە و بسرەوە تاوێ
هەتا نەکرێتەوە خونچە و
گەڵا نەشنێتەوە تاوێ
لەرینی بەژنی خونچیلە
خەیاڵم لێ دەشێوێنێ
وەرینی تک تکی شەونم
هەوای بێدەنگی دەشکێنێ

وچانێ بگرە تاوێ ئەی
پەپوولەی ژیکەڵەی ماندوو
هەلی ئارامی بێدەنگی
مەشێوێنە بە هاتوچوو
هەتا ساتێ پەپوولەی کەژ
خەریکە سەرخەو ئەشکێنێ
بزانم ئەم خەیاڵەم چی
لە ناخمدا دەنەخشێنێ
لەبەرچی هەوری هەینی وا
بە چاوەڕوانی ئەڕوانێ
ئەدی چاوی ئەویناوی
فریشتە بۆ چی ئەڕوانێ

شەماڵ هەروا شنەی دێت و
پەڕەی گوڵ دادەبارێنێ
ئەوا بارانی عەترینی
بە سەر دڵدا دەبارێنێ
گرێ تێبەردەبێ خۆڕ و
بڵێسە و کڵپە دەستێنێ
پریشکە و تیشکی رەنگامە
بە دەوریدا دەپرژێنێ
هەتاکوو چاو هەتەر کا هەر
گزینگی خۆرە لەم ناوە
هەزاران پەلکە زێرینەی
بە شوێن یەکدیوە هەڵداوە
بە کۆمەڵ کۆترە باریکە و
مەلی رەنگین لەسەریانە

شەپۆلی دەنگی پۆلی مەل
سروودی دەوروبەریانە

لە ناکاو بەرزە هاوارێ
دڵی ژین دادەخورپێنێ
دەوەستێ ئاوی رووباران
شەپۆل و هاژە نامێنێ
هەناسەی ساردی بای سروە
خەمێکە و ناخ ئەسووتێنێ
رەوایە شۆڕەبی ئەوها
سەری کڕنۆشی دانوێنێ
تەزووێ بە دڵی شاخ و
کەژی گەردنکەشیدا دێ
لە هەر لا گاشەبەردێ بێ
موچڕکێ بە لەشیدا دێ
پەپوولەش راپەڕی و دەنگێ
دەڵێ بڕوانە بەو لاوە
تەواوی بوونەوەر چاوی
بە تێڕامانی وەستاوە

هەرا و هاوارە باژێڕێ
هەموو خەڵکی خوڕۆشاون
بە شانی شارەوە تەرمەو
لە شوێنیدا پەشۆکاون
ژنی رەشپۆشی قژ چەرموو
بە رەنگی زەرد و چاوی سوور
دەلەرزێنێ دڵی خەڵکی
بە دەنگی شینی دوورا دوور:
دەچیت و ماتەمی کۆچت
تەمی سەرچاوە مالاوا
دەڕۆی و زایەڵەی دەنگت
لە دڵدا ماوە مالاوا.
کچێ وا روومەتی دەڕنێ
بە دەم گریان و هوریاوە
کە سیمای پەنجەڕۆکی وی
لە هەر دوو لاوە رووشاوە
برینی هێڵی سەر کوڵمەی
بە ئاستەم خوێنی تێزاوە
کە فرمێسکی بەسەردا دێ
کزەی وەک جەرگی جنراوە
بەرێدا پێپەتی دەڕوا
وەها ئاڵۆز و شەمزاوە
نەپەرژاوە کە پێڵاوێ
لە پێ کا وا پەشۆکاوە
جەماوەر دێن و گوڵ دێنن
لەسەر ئەو تەرمە دەیرێژن
دەڵێ دایکێ لەوێ، ئاخۆ
لە کام ئەستێرە دەینێژن

بڕووسکەو زایەڵەی دەنگە
لە پەستا هەور ئەگرمێنێ
تریشقە و بەرقی چەخماخە
ئەوا عەرزی دەلەرزێنێ

زریکەی بەرزی نێو زیکرەو
شریخەی هەور و دەف لێدان
هەموو داوێنە هەورێکی
فریشتەی دەفژەنی تێدان
زرینگەی بەرزی دەنگی دەف
بەهەر ئاهەنگی لێی دەدرێ
هەوای لێدان و خورپەی دڵ
لە گوێدا هەستی پێدەکرێ
ترووسکەی دێ لە سەر سینەی
دەفا نەخشێ درەوشاوە
بە زێوی تیشکی چەخماخە
وشەی پیرۆزە نووسراوە
خەتی چەخماخەیی سەر دەف
وشەی هاوشانی تێدایە
کە دەدرەوشێ (نەبیینە)
تەنیشتی (وەل شوهەدا)یە

درەنگانێکی دڵتەنگە
خەریکە شەو بەسەردا دێ
لە نێو هەورانەوە مانگیش
بە شوێنی تەرمەکەیدا دێ
کە مانگ ئاوا تریفەی دێ
لە سەر تەرمی وەکوو زێوێ
پەپوولەش دێ بە دەوریدا
دەسوورێ و باڵی دەبزێوێ
بە سۆزی گەرمەشین هەروا
لە شوێنی تەرمەوە دەگرین
بەسەر ئەم ئاورەی جەرگا
دەسا با داوەرێ ئەسرین
وەنەوزی لێ نەدا چاوێ
کەسێ ئەمشەو خەوی نایە
هەتا کازیوە ئەم شارە
وەکوو ئەستێرە وریایە
بەیانی زوو هەوای دەنگی
خوڕەی چۆم و چریکەی مەل
سروودی تازەیان دەچڕی
بە شانازی ژیان و گەل
کچێکی شارەزا ئەمڕۆ
یەکەم رێبواری کوێستانە
لە رێی شاخا چەکی دەستی
شەهیدێکی لە سەر شانە
دەزانێ خۆرەتاو کاتێ
گزینگی لەو چەکەی داوە
کە وا هێشتا پەڵەی خوێنی
شەهیدی هەر لە سەر ماوە
دەبینێ روومەتی زامە
کچی ئازا بە رێگاوە
سەری کوڵمەی برینداره و
لە هەر دوو لاوە رووشاوە

**شەریف**

٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٨ی هەتاوی

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No. 518 6 Sep 2009

مالّپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەمالاوایی

## بە پێی ڕاپۆرتێک:

# کوشتاری بەکۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی ۱۳٦۷، تاوانێکی بەرنامە بۆ دانراو بوو

ئامادە کردنی: هیوا قادر

هاوکات لەگەڵ بیست و یەکەمین ساڵی کوشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ناوەندی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە ئێران، ڕایگەیاند کە ئێعدامە بە کۆمەڵەکانی هاوینی ۱۳٦۷، زۆر پێشتر لە دەرچوونی فتوای ئایەتوڵلا خومەینی، بەرنامەڕێژییان بۆ کرابوو.

ئەم ناوەندە لە ڕاپۆرتێك دا لە ژێر سەردێڕی "فتوای مرگ" کوشتاری بە کۆمەڵی بەندییەکانی ئێران لە ساڵی ۱۹۸۸دا، دەڵی، بەڵگەنامەکان کە بەشی هەرە زۆری لە ڕێگای وتوویژ لەگەڵ پاشماوەکان و کەسوکاری قوربانییەکانی ئێعدامەکانی ۱۳٦۷ کۆکراونەتەوە، ئەم ڕاستییە دەردەخەن کە بەرنامەڕێژی بۆ لە نێوبردنی دوایین دەستە لە نەیارانی ئەو سەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینی، بەر لە هێرشی نیزامیی ڕێکخراوی موجاهیدین بۆ سەر خاکی ئێران لە هاوینی ۲۱ ساڵ لەمەوبەر، ئەنجام درابوو.

ڕاپۆرتی "فتوای مەرگ" لەو ڕۆژانەدا بڵاو بۆتەوە کە ئایەتوڵلا خامەنەیی، ڕێبەری ئێستای کۆماری ئیسلامی و سەرکۆماری ئێران لە کاتی ئێعدامەکانی ۱۳٦۷دا، دانی بە ڕوودانی هێندێك جینایەت بە دوای ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییانەدا ناوە. بەڵام نەیارانی حکوومەتی ئێران دەڵێن ئەم جینایەتانە لەگەڵ ئەو جینایەتانەی دوو دەیە لەمەوبەر لە زیندانەکانی تاران و شارەکانی دیکە، بە نهێنی ڕوویان دا، بۆ بەراورد کردن نابن.

ناوەندی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە "مافی مرۆڤ لە ئێران"، لە سەر ئەم بڕوایەیە، ئەوەی ئێعدامەکانی هاوینی ۱۳٦۷ لە سەرکوتەکانی پێشتر و دواتر جیا دەکاتەوە، "بەرنامەڕێژیی ورد، جێبەجێ کردنی بەپەلە و بێبەزەییانە، بەربڵاویی کارەساتەکە و بێدەنگە لێکردن و حاشا لێکردنیەتی.

"ناوەندی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە ئێران"دا، دەڵێ حکوومەتی ئێران دەیزانی ئەم ئێعدامانە بە پێچەوانەی یاسا نێونەتەوەییەکانن و زیان بە سیمای کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا دەگەیەنن، هەر بۆیە هەوڵی خۆیدا تا زانیارییەکانی نێو زیندان نەچنە دەرەوە.

ڕاپۆرتی ناوەندی ناوبراو ۱۱٦ لاپەڕەیە. لەگەڵ ئەوەی پڕە لە وتوویژ لەگەڵ پاشماوەکان و بنەماڵەی قوربانییەکان، نەیانتوانیوە ئامارێکی ورد لەبارەی ژمارەی ئێعدام کراوەکانی ئەوکات بە دەستەوە بدا. ئەمەش لە حاڵێك دایە کە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن دەڵی ژمارەی ئەو ئێعدامکراوانە نزیکەی پێنج هەزار کەسە. ناوەندی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ دەڵێ: هەتا ئەو کاتەی دەوڵەتی ئێران، ڕاستییەکەی نەڵێ، کەس ناتوانێ وێنایەکی ڕاست لە چاوچێوەی ڕووداوەکانی ۲۱ ساڵ لەمەوبەر بخاتە ڕوو.

ڕاپۆرتی "فتوای مەرگ" لە شەش بەشی سەرەکی دا نووسراوە:

لە بەشی یەکەم دا، بیروبۆچوونی سیاسیی قوربانییەکان پۆلین کراون. لە بەشی دووهەم دا، چۆنیەتیی دەرچوونی فەرمان یا فتوای مەرگ لە لایەن ئایەتوڵلا خومەینی لە گەلاوێژی ۱۳٦۷دا بۆ لە نێوبردنی خێرای دوژمنانی ئیسلام، و دژایەتیکردنی جێگری ئەوکاتی ناوبراو، ئایەتوڵلا مونتەزیری هاتۆتە بەرباس. لە بەشی سێهەمی ئەم ڕاپۆرتەدا، زەمینە سازکردنی بەرپرسانی ئەمنییەتی و پاشان ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان، ئەشکەنجەکان و ئێعدامەکان لە زمانی پاشماوەکان و بنەماڵەکانی قوربانییەکان، دەگێردرێتەوە.

لەبەشی پێنجەمی ئەم ڕاپۆرتەدا، خوبواردنی حکوومەت لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تێکەڵ بەرێز لەگەڵ تەرمەکان و بنەماڵەکانی ئێعدام کراوەکان، مەحکووم کراوە و، لەبەشی کۆتایی ڕاپۆرتەکەش دا، ناتەبایی و دژایەتیی ئەم کوشتارە لەگەڵ یاسا نێونەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ ڕوون کراوەتەوە.

نووسەرانی ڕاپۆرتی "فتوای مەرگ" دەڵێن ئەگەرچی ئێعدامەکان دوای فتوای مانگی ژوئیەی ۱۹۸۸ (پووشپەڕو گەلاوێژی ۱۳٦۷)ی ئایەتوڵلا خومەینی بەڕێوەچوون، بەڵام بەرنامەڕێژی بۆ ئەو کوشتارە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ۱۹۸۷ (۱۳٦٦) دەستی پێ کردبوو. ڕیشەی ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیی نێوان کەسانی توندڕەوی وەك محەممەد ڕەیشەهری، وەزیری ئەوکانی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەسەدوڵلای لاجوەردی، دادستێنی ئەوکاتی شۆڕش لەگەڵ ئایەتوڵلا مونتەزیری کە داکۆکی لەوە دەکرد لەگەڵ بەندییەکان ڕەفتاری نەرم بکرێ و بەم جۆرە بەشێك لە زیندانییەکان ئازاد بکرێن و ئەو هەمووە قەرەباڵغییە لە بەندیخانەکان دا نەبێ.

ناوەندی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ دەڵێ لە دیسامبری ۱۹۸۷ (سەرماوەزی ۱۳٦٦)ەوە، لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە لە زیندانی گەوهەردەشت دا توندوتیژتر بوو و بازجوویەکان لە بەندییەکانیان دەپرسی ئایا ئامادەن ئیعترافنامە بنووسن؟ ئەم ڕاپۆرتە دەڵێ بەندییەکان بە گوێرەی ئامادەیی بۆ تۆبە و یا خۆ لێبواردنی، کرابوون بە سێ بەش: گرووپی سوور، گرووپی زەرد و گرووپی سپی. ئەوانەی کەوتبوونە گرووپی سوور، بە هیچ جۆر ئامادە نەبوون پشت لە ڕابردووی خۆیان بکەن. بەڵام لە نێو گرووپی سپیدا، ئەم ئامادەییە دەگەیشتە لانیکەمی خۆی.

ڕاپۆرتی ناوبراو وێڕای ناوبردنی بەڕێوەبەرانی ئەم بەکۆمەڵکوشتنە و چاوخشاندن بە ڕۆڵ و نەخشیان دا، دەگاتە ئەو ئاکامە کە ئێعدامەکانی هاوینی ۱۳٦۷، نموونەیەکی هەرە زیندوو لە دڵڕەقی و تاوانخوڵقێنی بوون و دەچنە خانەی "تاوان دژی مرۆڤایەتی". هەروەها داوا دەکا ئەم تاوانە نابێ لەبیر بچێتەوە و بەڕێوەبەرانی دەبێ سزا بدرێن.

سەرچاوە: مالّپەری BBC، بەشی فارسی

# وێبلاگنووس

## گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

"وب نوشت عبدالعزیز مولودی" وێبلاگێکە کە تەرخانە بۆ نووسینەکانی عەبدولعەزیز مەولودی. ناوبراو کە لە دایك بووی ساڵی ۱۹٦۵ی زایینی شاری مهابادە بەمجۆرە باس لە خۆی و لاپەڕە ئینتێرنێتییەکەی دەکا: لە شاری مهاباد ناوەندی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە ئێران هاتوومەتە دنیاو لە بەرهەمەکانی ئەو شارەش بێبەش نەبووم.ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگری سیاسیم و حەزم لە شرۆڤەی دۆزە سیاسییەکانی ناوچە بە تایبەت گۆڕانکارییەکانی ئێران و بزاڤی کوردستانە. بە شێوەیەکی نارەوشتییانە جارێك وێبلاگەکەم بە تەواوی لە سەر ئینتێرنێت لابراوە. کە ئەم کارە یەکێك لە نیشانە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەیەکی خاوەن قەیرانی سیاسی و فەرهەنگییە. بەڵام چونکی لە بارودۆخی ئێران ئاگادارم زۆر لە سڕینەوەی وێبلاگەکەم بەخەم نیم. چونکی هەر کاتێ دەنووسم هەست دەکەم هەم، بۆیە وێبلاگێکی دیکەم بەو ناونیشانە دامەزراندووە. هیوادارم ڕۆژێك بێ لەم وڵاتەدا بیرۆکەی سڕینەوە جێی خۆی بدا بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.

ئەم بابەتانە لەم وێبلاە دا دەبینرێن: چند خبر از روزنامه سرمایه (کلاف سر درگم تعداد کشته شدگان حوداث اخیر، سینماگران ایتالیایی هم سبز شدند، دیدار جمعی از زندانیان کهریزك با کروبی، ژنرالهای مجلس علیه وزرای احمدینژاد)، لە کابینەی نوێدا ۱۰ وەزارەت بۆ پارتی و ۹ بۆ یەکێتیە، محاکمه ازادی و عدالت "برای رمضان زاده، ابطحی، امین زادەو ...، حاشیه بر مصاحبه اقای دکتر عثمانی نماینده محترم بوکان، نتیجه انتخابات اخیر، دموکراسی در بحران. نگاهی به پروسه انتخابات در کشورهای در حال توسعه، در حاشیه فعالان صنفی، اجتماعی و سیاسی مهاباد، نگاهی به قانون اساسی ایران و....




نوێترین بابەتی ئەم وێبلاگە لە ژێر ناوی "نوزایی و تحول اندیشه سیاسی در عرصه جدید" لە نووسینی نووسەران (محمدعلی علیزاده/نقی لطفی) هەڵسەنگاندنێکە لە نێوان بیروبۆچوونەکانی سەردەمی نوێ و زەمەنەکانی پێشوو. هەروەها نووسەران لەم بابەتە دا دەپرژێتە سەر چۆنیەتی پێکهاتەی ئابووریی سەدە تاریکەکانی ئورووپاو بەمجۆرە باسەکە تا دوای سەدە تاریکەکان دێن و تیۆری و بیرۆکەکانی بیرمەندانی دوای ئەم سەردەمە دەخەنە بەرباس.

Moloudi.blogfa.com

# ١٤٨ شاعیرو نووسەری ئێرانی بە ڕاگەیەنراوێک دژ بە دەسدرێژی کردنە سەر لاوان ناڕەزایەتی دەردەبڕن

ڕاگەیەنراوی ئەو هەڵبەستڤان و نووسەرانە کە بە شێعرێکی شاملو "بهشت من جنگل شوکران است، و شهادت مرا پایانی نیست" دەست پێ دەکا، دەڵێ ڕووداوەکانی دوای نارازییانی دژ بە ئاکامی هەڵبژاردن ئەگەرچی شتێکی سەیر نەبوون و پێشتریش لە ڕێژیم بینراون بەڵام گرژی و پانتاییەکەی ئەوەندە زۆر بوو کە کەسانی فەرهەنگی و ئەدەبیی زیاتر خستە ژێر کاریگەرییەوە. هەروەها لە درێژە دا هاتوە کە: دەسدرێژی کردنە سەر حەیاو ئابرووی لاوانی بە خرۆشی ئەو وڵاتە تەنیا نیشانەی دوژمنایەتیی حیزب و گرووپێکی تایبەتی نیەو ناکرێ بیخەینە ژێر سێبەری شەڕی هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردنی باڵێکەوە بەڵکو ئەو ڕووداوە کارەساتبارانە نیشاندەری دوژمنایەتی لەگەڵ خەلکێکە کە خاوەن مێژینەی چەند هەزار ساڵەیەو پێگەو شارستانییەتە بەرزەکەی لە جیهان دا دیارە.

# چەند بەختەوەرم کە زیندووم و بزووتنەوەی خەڵکی ئێران دەبینم



جونز بائز ئەو گۆرانیبێژەی کە نزیك بە ٥٠ ساڵە بە دەنگی پڕ لە هەست و سۆزی خۆی پەرۆش و پەژارەکانی مرۆڤ بە گوێمان دا دەڵێتەوە ئەم ڕۆژانە لە

ماڵپەڕەکەی خۆی دا بە دانانی پەیامێك کە بە ڕەنگی کەسك نوسراوە پشتیوانیی خۆی لە بزووتنەوەی ئاشتیخوازانەی خەڵکی ئێران دەربڕیوە. جونز بە کورتی لەو پەیامەدا دەڵێ: جیهان دەبینێ کە ئێوە ئاشتیخوازن، کاتێ هێدی هێدی ڕووبەڕووی ترس و خۆف دەچن ئەو ئاشتیخوازییەی ئێوە لە شریخەی بێدەنگیتان دا دەبینین و لە چاوانتانەوە دەیخوێنینەوە. بوێریتان وەخرۆشمان دەخەن و فیداکاریتان دەبنە سەرچەشنمان. بۆیە دەڵێم چەند بەختەوەرم کە ماوم و بزاڤەکەتان دەبینم، نزاو عیشق و پشتیوانیم لەگەڵتان بێ.

# موزیکژەنانی کورد خەڵاتی وۆرڵد میوزیک بە دەست دێنن



موزیکژەنی کورد سەعید فەرەج پوور لەگەڵ گرووپی موزیکی "دەستان" بە دوو ئەلبۆمی "قیژەك کولی" و "هەتاوی ئاوات" بە دەنگی هۆمایون شەجەریان کە ماوەیەك بەر لە ئێستا لە ئاستی جیهاندا بڵاو کرانەوە، توانیان خەڵاتی ناوداری وۆرڵد میوزیك لە کۆمپانیای گرینگی ڕخنەی موزیکی وڵاتی ئاڵمان بەدەست بێنن. فەرەج پوور لە دیمانەیەك دا لەگەڵ پەیامنێر دەڵێ: ساڵی داهاتوو لە وڵاتی ئاڵمان کۆنسێرتێکمان هەیەو بڕیارە بەرپرسانی world music ئەم خەڵاتە بە گرووپی "دەستان" و ئێمە کە ئاوازدانەری بەرهەمەکانین، پێشکەش بکەن.

هەروەها ناوبراو لە درێژە وتی: ئەم خەڵاتە تەنیا خەڵاتی پڕ بایەخی وڵاتی ئاڵمانە کە بە بێ لەبەر چاوگرتنی لایەنی فرۆش و بازرگانی و بە پێی پێگەو ئاستی هونەری دەدرێ بە بەرهەمە هونەرییەکان.

# فستیڤاڵی مونترال بە نیشانەی پشتیوانی لە خەڵکی ئێران ڕەنگی سەوزی بە خۆوە گرت

ئەو ڕەنگەی کە مووسەوی پاڵێوراوی سەرکۆماریی ئێران کردبووی بە هێمای خۆی و ئێستاش لە شەقامەکانی ئێران بە سیمبولی نارازییان دەناسرێتەوە، گەیشتە فستیڤاڵی جیهانیی مونترال. لەو فستیڤاڵەدا جەعفەر پەناهی، دەرهێنەری ناوداری ئێرانی سەرۆکی شاندی داوەرانی ۳۳یەمین خولی فستیڤاڵ بە لە مل کردنی شاڵ گەردنی سەوز لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی فستیڤاڵی مونترالدا، بەکردەوە گۆڕەپانی ئەم فستیڤاڵەی کرد بە مەیدانی هاوپێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی نارازییانی خەڵکی ئێران. شایانی باسە ئەم حەرەکەتەی "پەناهی" لە لایەن زۆربەی هاوکارانییەوە پێشوازی لێ کراو تەواوی داوەران بە لە مل کردنی شاڵ گەردنی سەوز، پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی ئێران دەربڕی.

# یەکەم کەناڵی کوردی منداڵان لە هەولێر دەستی بە وەشان کرد

یەکەمین کەناڵی کوردی کە تایبەتە بە منداڵان بە ناوی "ڕەنگاڵە" لە هەولێری پێتەخت بە شێوەی ئەزموونی دەستی بە وەشان کرد. ئەو کەناڵە کە سەر بە کۆمپانیای ڕەنگاڵە تەلەڤیزیۆنی نیگایە، فیملە کارتۆنی دوبلاژکراو و گۆرانی و میوزیکی منداڵان و فیلمی فێر بوون پێشان دەدا.

شآیانی باسە ماوەیەک لەمەوبەر منداڵێکی کورد "بەناوی سەرۆک کورد نەژاد" لە هەندەران ڕا لە نامەیەک دا کە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانی نووسیبوو داوای کردنەوەی کەناڵێکی کوردیی تایبەت بە منداڵانی لێ کردبوو کە هەر بە دوای ئەم نامەیە دا وێڕای بانگهێشت کردنی ئەم منداڵە بۆ نیشتمان، کەناڵی "ڕەنگاڵە" دەست بە کار بوو.

